## زمانی سیاسی و لەیەکحاڵیبوون

# لەچارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا



((لای هابرماس زمان تەنیا چەکێک نییە بۆ شەڕە قسەی بێ بنەما تا کۆمەڵگە بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کەس لەوی دیکە تێنەگات، یان زمان ماسکێک نییە لەپشتیەوە



هێز بشاردرێتەوە، هەر بۆیە تیۆرەکەی بەدەق دەڵێت، زمان پێوانەیەکی زۆر گرنگ لەخۆی دەگرێت و لەئاستێکی بەرزی هەقیقەتدا خۆی دەنوێنێت، لەگەڵ ئەوەی زۆرجار ئێمە لەرێگەی بەکارهێنانی هەندێ وشەو قسەکردنەوە ئەم راستیە گرنگەی زمان پشتگوێ دەخەین و پێمانوایە دەکرێت و دەتوانین لەپێناوی پیادەکردنی هێز و دەسەڵاتدا مرۆڤ درۆ بڵاو بکاتەوە، بەڵام زمانێک تەنیا بۆ درۆ و چەواشەکاری بەکاربهێنرێت، تەنانەت بۆ بەردەوامی گەیاندنی پەیامە شێونراوەکەی خۆشی، ئەوا ئەو زمانە بەهیچ شێوەیەک بوونی نییە و ناوەڕۆکی راستەقینەی زمانەکەش ون دەکات)).

تۆماس ئەسهویر



ئەگــەر دەســپێکی مۆدێرنــە بــە دەلالەتی (کانــت)ی بونیادی دەوڵەتی یاســا و دیموکراتی بێــت و بەرهەمی مۆدێرنەش ئەو گەشەســەندنەی زانست و تەکنۆلۆژیای رۆژئاوا بێت، کە هەموو جیهانی سەرســام کردووە، ئەوا ئەم دوو بەرهەمە گەورەیەی مۆدێرنە (دەوڵەتی یاســا و دیموکراتی) و پێشــکەوتنی (زاســت و تەکنۆلۆژیــا)، بەرهەمی رەخنەیــە کــە مەعریفــەی ئەقڵانی بەرهەمهێناوە، مەعریفــەی ئەقڵانیش بەرهەمی شــێوازی گۆڕینی سیستمی سیاســییە کە لەجیاکردنەوەی (ئایین و دەوڵەت) یان (ئایین و سیاســەت)ەوە سەرچاوە دەگرێت، گۆڕینی سەرچاوەی شەرعیەتی سیاســی بوو لەشەرعیەتی ئایینیــەوە بۆ شــەرعیەتی گــەل، بۆ ئەمــەش گرێبەســتی کۆمەڵایەتــی بــووە هەنــگاوی یەکــەم بــۆ ئەوەی حکومرانــی بکاتە گرێبەســت لەنێوان حاکــم و مەحکومدا(Rulers and ruled)، گرێبەســتی کۆمەڵایەتیش واتە گۆڕینی پەیوەندی نێوان دەســەڵات و هاووڵاتیان لەحکومرانی خۆسەپاندنەوە بــۆ گوێگرتــن لەرەخنــە و بایەخدان بە ژیانــی تاکەکانــی کۆمەڵگە، بۆ ئــەوەی گرێبەســتەکە بمێنێتــەوە یان هەڵنەوەشــێنرێتەوە، لــەم حاڵەتەدا واتە زمانی مامەڵەکردنــی دەوڵەت لەگەڵ هاووڵاتیــان، لەبەکارهێنانــی زمانەوە بــۆ گەیاندنــی بڕیارەکانــی دەوڵەت یــان حکومڕانەکانەوە بــۆ ئەوەی گەل ملکەچی بێت، گۆڕدرا بۆ بەکارهێنانی زمانێك بۆ دروســتبوونی لێکتێگەیشتن لەنێوان گەل و دەوڵەت، یان هاووڵاتیان و حکومرانەکان، بە دیوێکی دیکە ئەرکی زمان لەبری ئەوەی سەپاندنی ملکەچی بێت، بووە هۆکارێك بۆ لێکتێگەیشــتن، ئەمەش زمانی وەك هۆکار پێناســەکرد و تێگەیشــتن لەیەکتــری وەك ئامانج پێناســەکردووە، بەڵام تایبەتمەندیەکی گرنگی دا بە هۆکاری زمان و ئامانجی لێکتێگەیشــتن، کــە بەهیــچ جۆرێك هۆکار و ئامانــج نەتوانرێت لەیەکتری جیابکرێتــەوە، ئەم تێکەڵاوکردنە زمانی بەوجــۆرە پێناســەکردووە، ئەگەر زمان هۆکارێك نەبێت بۆ لێکتێگەیشتن، ئەوا ئەو زمانە ئەوجا هەر زمانێك بێت بوونی نییە، یۆرگن هابرماس لەســاڵی ١٩٩٨ و لەدیمانەیەکــی لەگەڵ ژمارە ١٠٢ی گۆڤاری (Autrement) فەرەنسی ســەبارەت بە چۆنییەتی لێکتێگەیشتن لەنێــوان لایەنە جیاوازەکانــدا بەمجۆرە وەڵامــی گۆڤاری ناوبــراوی داوەتەوە و دەڵێت : (ئەگەر لەنزیکەوە ســەیری ئەو مەرجانە بکەین بەوەی پێویستن بۆ ئەوەی لەسەر مەسەلەیەك لێکتێبگەین، ئەمــە مانــای ئەوەیــە شــتێکی تا ئەوپەڕی کاریگەرمان ئاشــکرا کردووە، واتە ئاشــکراکردنی ئــەو ئەگەرانەی



ئۆنۆبیکۆ ئەگۆزینۆ:

**نەمانی زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی و ناسەقامگیری و زیان گەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئارامیی دەوڵەت**

ناوەرۆکێکی پێوانەییان هەیە و قســەیان لەســەر دەکەین و ناتوانین دەستبەرداری بین یان چاوی لێ بپۆشین... هەربۆیە تەنیا بــە بڕیاردانمان بــەوەی بکەوینە دیالۆگەوە، پێــش ئەوەی بکەوینە هیچ شێوەیەك لەشێوەکانی بیانوو هێنانەوە، ئەوا پێویستە دەبێت لەسەرمان بەیەکتری بڵێین ئێمە هەمووومان بەرپرسین، ئەمە بەسەر گوتاری رۆژانەشماندا راست دەچەسپێت، تەنانەت پێویستی بەهێنانەوەی نموونەش نییە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر تۆ شــتێکی ئاڵۆزت وت، یان کارێکت کرد بەجۆرێك لەجۆرەکان نامۆبوونی پێوە دیار بوو، ئایا مافــی من نییە لێت بپرســم : (چیت کرد؟) یان (چیت وت؟) من وای دادەنێم کە تۆ لەتواناتدا هەیە راســتگۆیانە پێم بڵێیــت کە تۆ راســت بوویت یان هەڵە، ئــەم گریمانەیە واتــای ئەوەیە کە تۆ دیسەلمێنیت فێڵم لێ ناکەیت، هەروەها بە دوودڵــی لەبەرامبەرم بیرناکەیتەوە و رای بەرامبەریــش لەبەرچاو دەگریت، لەم حاڵەتەشــدا تــۆش دڵنیادەبیت من وەك بابەتێك یان شــتێك یاریت پێناکەم مامەڵــەت لەگەڵ ناکــەم، بەڵکو وەك بەرپــرس مامەڵــەت لەگــەڵ دەکەم، بەتەئکیــد دەتوانــم رای خۆم بگۆڕم و هەڵوێســتێکی دیکەی زۆر هەســتیار بە نهێنی و ئاشــکرا وەربگــرم، بەڵام هەڵوێســتی یەکەم لەوانی تر ئەساسی ترە، ئەمە لەگەڵ بەکارهێنانی زمانیش بەو جۆرەیە، بۆچی لێرەدا مەســەلەکە پەیوەنــدی بــە بەکارهێنانــی تایبەتی زمانــەوە هەیــە؟ لەبەر ئــەوەی زمان هۆکارە و تێگەیشــتن ئامانجە، لەناوەوە پێکــەوە بەســتراون و ناتوانین لەیەکیان جیابکەینــەوە، وەك ئەوەی هەندێك جار هۆکار و ئامانج لێکجیادەکەینەوە، بۆیە ناتوانین تەفســیری ئــەوە بکەین زمان چییە، بەبێ ئــەوەی پەنا بۆ چەمکی تێگەیشتن ببەین)).

لێرەدا ئەگەر وردتر ســەیری وتەکانی هابرمــاس بکەیــن، بۆ چارەســەری لێکتێگەیشتن لەسەر چەمکە جیاوازەکان باسی کردوون، ئەوا دەتوانین ئەم خاڵانە دەستنیشان بکەین:

١- زۆر گرنگە بڕیاربدەین دیالۆگ لەگەڵ یەك بكەین، بەبێ ئەوەی هیچ بیانوویەك یان مەرجێك بۆ یەكتری یان بۆ گرێدانی دیالۆگەكە دیاری بكرێت، لێرەدا هابرماس ئیرادەی بڕیاردان بۆ دیالۆگ و چارەسەری كێشەكان بە ڕێگە چارەی ئاشتیانە دەخاتە سەروو هەموو شتێكی دیكە.

٢- دوای بڕیاردانی ئەوەی دەست بەدیالۆگ بكرێت، پێویستە لایەنە بەرامبەرەكان دان بەیەكتریدا بنێن، كە هەردوولا بەرپرسن، ئەم دانپێدانانە بەیەكتری ئەو گومانە دەسڕێتەوە كە پێشتر لەنێوان لایەنەكان هەبووە و دروست بوونەوەی متمانە دەست پێدەكات.

٣- سازدانی دیالۆگ بە گیانی بەرپرسیارانەوە، واتە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەنێوان بۆچوونە جیاوازەكاندا، لەمتمانە و راستگۆییەوە دەست پێدەكات، لەبەر ئەوەی هەردوو لایەنی نێو دیالۆگەكە، لەتوانایاندا هەیە راستیەكان بڵێن و لەتواناشیاندا هەیە دان بە كەموكورتیەكاندا بنرێت.

٤- خاڵی هەرە گرنگ زەمانی نێوان لایەنەكان لەبەڕێوەبردنی دیالۆگەكاندا، هابرماس جەخت لەوە دەكاتەوە، زەمان بێجگە لەوەی هۆكارێكە بۆ ئامانجی لێكتێگەیشتن، ئەركێكی دیكەی نییە، لەبەر ئەوەی راشكاوانە ئاماژە بەوە دەكات یەكێك لەلایەنەكان دەتوانێت بە زەمانێكی دیكە دوور لەزەمانی لێكتێگەیشتن هەڵوێستی خۆی بە ئاشكرا و نهێنی بگۆڕێت، بەڵام بەكارهێنانی زەمان بە ئامانجی لێكتێگەیشتن، ئەساسییە، هەر ئەمەش كە ڕێگە نادات زەمان وەك هۆكار لەئامانجی تێگەیشتن جیابكرێتەوە.

كەواتە خاڵی گرنگ بۆ ئەوەی بیسەلمێنین هەنگاوێكی جدیمان بۆ چارەسەری كێشەكان هەڵگرتووە یان ئامادەین بۆ ئەوەی بەشداربین لەچارەسەركردنی كێشەكاندا، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت كە بڕیاربدەین بێجگە لەدیالۆگ ڕێگە چارەی دیكە بوونی نییە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئەو زەمانەی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان لەگەڵ یەكتری مامەڵەی پێدەكەین، بێجگە لە تێگەیشتن و گەیشتن بەچارەسەر بۆ كێشەكان، زەمانێكی دیكە نییە، یان ئەگەر هەشبێت ئەو زەمانە هیچ بوون و مانایەكی نییە.

### زەمانی سیاسی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەسیستمی دیموكراتیدا

ئەگەر هاوچەرخانە پێناسەی دیموكراتی بكەین، ئەوا راشكاوانە دیموكراتی واتە حكومڕانی حزبە سیاسییەكان، ئەم پێناسەیە ئەگەر لەڕووی پێناسەی فەلسەفی بۆ دیموكراتی، پێناسەیەك بێت جێگەی گومان و پرسیار بێت، ئەوا لەپرۆسەی پیادەكردنی دیموكراتی نوێنەرایەتی بەرێگەی دامەزراوەیی، پێناسەیەكی پراكتیكیە و مێژووی دەوڵەتانی لیبرال دیموكراتی ئاماژە بەوە دەكەن، لەگەڵ ئەوەی لەدەسپێكی بونیادی دەوڵەتی لیبرالی و پاشانیش هەنگاو هەڵگرتنی ئەم دەوڵەتە لیبرالییە بەرەو دیموكراتی، حزبی سیاسیی بوونی نەبووبێت، یان تەنانەت ئەگەر سەركردەیەكی وەك جۆرج واشنتۆن حزبی سیاسیی وەك دوژمنی نەتەوە و هەوڵێك بۆ لێكترازانی ڕیزەكانی كۆمەڵگە پێناسە كردبێت، بەڵام دواتر لەگەڵ پیادەكردنی دیموكراتی و دەركەوتنی كێشەو كەموكورتییەكانی نێو كۆمەڵگە، حزبی سیاسیی بۆتە پێویستییەك و لەهەناوی پێویستی كۆمەڵگەدا، حزبی سیاسیی بۆتە دیاردە و فرەلایەنی بۆتە پێویستیەكی گرنگی دیموكراتی، لەوانەیە لێرەدا پرسیاری ئەوە بێتە ئاراوە بەوەی ئایا حزبی سیاسیی وەك پێویستییەكی كۆمەڵگەی دیموكراتی دەبێت وەك پیرۆزییەك لەسەرووی رەخنەوە سەیر بكرێن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە تەواو پێچەوانەیە، لەبەر ئەوەی پێداویستییەكانی كۆمەڵگەی دیموكراتی تەنیا حزبێكی سیاسیی دروست نەكردووە، بەڵكو فرە حزبی دروستكردووە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی رەها، ئەوجا ئەو دەسەڵاتە رەهایە سەركردەیەكی پۆپۆلیستی بێت، یان حزبێكی سیاسیی بوونی نەبێت، لەمەش گرنگتر سیستمی سیاسیی ئەمریكا لەگەڵ ئەو هەموو تێبینییەی كە لەسەر ئاستی تیۆری سیاسیی لەسەریەتی، بەڵام لەڕووی پراكتیكەوە هەتا ئێستا سەركەوتووترین سیستمەو نهێنی ئەم سەركەوتنەش هێندەی بۆ پاراستنی مافی كەمینەیە هێندە بۆ شەرعیەتدان نییە بە زۆرینە، ئەو میكانیزمەی كە ئەم حاڵەتەی لەسیستمی حكومڕانی ئەمریكادا دروستكردووە، پێی دەگوترێت (checks and balances)، واتە چاودێری و راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بەشە جیاوازەكانی دەسەڵاتدا، راشكاوانەتر واتە دروستكردنی هاوسەنگی لەنێوان دەسەڵاتەكانی (دادوەری،



جودیس ریپی:

**ئەگەر ئاسایشی دەوڵەت بكەوێتە مەترسییەوە، ئەوكات پێویستە هاووڵاتیان ئامادەباشییان تێدا هەبێت بۆ بەرگریكردن لەوڵاتی خۆیان و پابەند نەبن بە گوێڕایەڵی پارتەكانیان**

یاسادانان، راپەڕاندن) دا، ئەمە بێجگە لەوەرگرتنی هەندێك ڕێوشوێنی دیکە وەك دروستكردنی دوو ئەنجوومەن، کە یەکێیان ئەنجوومەنی نوێنەرانە کە بەرێگەی هەڵبژاردن دادەمەزرێت و ئەنجوومەنی سەنات کە هەر ویلایەتێك دوو نوێنەر دەنێرێت، کەواتە ئەم هەموو ڕێوشوێنەی لەسیستمی سیاسیی ئەمریکادا گیراوەتە بەر، یەك ئامانجی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە کە دەبێت کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەمریکی بەرێگەی لێکتێگەیشتن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو چارەسەر بکرێت.

لەسەر ئەم باکگراوندە ئەگەر سەیری باری سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بکەین، لەنێو پێوەندییەکانی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، کێشەو گرفتەکان هەڵبسەنگێنین، ئەوادەبێت راشکاوانە ئاماژە بەوەبکەین کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن بۆ چۆنییەتی گرێدانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدا، ئەمەش واتە نوێنەرایەتی دەنگی خەڵك دەکەن لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا، ئەوجا لێرەوە لەبەر ئەوەی خەڵك و هاووڵاتیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە حزبەکانی کردۆتە نوێنەری خۆی، ئەوا لەسەر حزبەکان فەرز دەبێت بەشێوەی ئاشتیانە ئەو نوێنەرایەتیە بکەن و بەشێوەی ئاشتیانە چارەسەر بۆ کێشە و گرفتەکان بدۆزنەوە، ئەگەر حزبە سیاسییەکان لەناو خۆیاندا نەیانتوانی بەشێوەی دیالۆگ و ئاشتیانە کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەوا دەبێت لەسەر مەسەلەیەکی گرنگتر رێبکەون، کە کێشەکە بەرنەوە بۆ لای گەل، بەو مانایەی کە خاوەنی شەرعی دەسەڵاتە، بۆ ئەوەی لەپرۆسەیەکی دیکەی دەنگدان و لەمیانەی نوێنەرایەتیکردنی پارتە سیاسییەکانەوە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی دیکە گرێ بدات. سەبارەت بە چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و رۆڵی حزبەکان لەنێو ئەم پرۆسەیەدا، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئۆنۆبیکۆ ئەگۆزینۆ ئوستادی سیۆلۆژی لەزانکۆی ڤێرجینیایە کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (تیۆری گرێبەستی



کۆمەڵایەتی لەلایەن «تۆماس هۆبس» و «جۆن لوك» و «جان جاك رۆسۆ» دانراوە. بەڕای من باشترین ڕێگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەنێك، بریتییە لەوەی کە مافەکان بە دەسەڵات ببەخشرێت و لەبەرامبەردا دەسەڵات هەموو هاووڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان بپارێزێت. بەواتای بەخشینی مافەکان بە کۆمەڵگەی مەدەنی. گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان پارتە سیاسییەکان نییە، بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونەتان هاوڕام کە ئەمڕۆ پارتە سیاسییەکان لەبری هاووڵاتیان حوکمڕانی دەکەن، بۆیە نەمانی زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەبێت بەهۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی و ناسەقامگیری و زیان گەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئارامیی دەوڵەت. بۆیە من پێموایە کە باشترین ڕێگەچارە بۆ پاراستنی سەقامگیری ڕێگەی دیالۆگ و هەروەها لەڕێگەی ئەو سیاسەتانە دەبێت کە لەبەرژەوەندیی هاووڵاتیان بێت، بۆیە گرنگترین شت ئەوەیە حکومەت هەڵسێت بە دانانی بەرنامە و سیاسەتی پێویست و دروست بۆ گەنجەکان و



دەرچووانی زانکۆکان و خاوەن بڕوانامەکان و هەلی کاریان بۆ دابینبکات، تەنانەت گەر هەر بوارێکیش هەڵبژێرن، ئایا لەبواری کشتوکاڵی بێت یاخود سیاسی یاخود پیشەسازی یان ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیا یان هەر بوارێکی تر کە بە ئارەزووی خۆیان بێت و خۆیان هەڵیبژێرن بۆئەوەی کاری لێ بکەن. ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان زۆر پێویستە، ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شێوەیە کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات، ئەمریکا ساڵانە سەدان ملیار دۆلار خەرج دەکات لەسەر هاووڵاتییە ئەمریکییەکان بۆئەوەی کاربکەن و پرۆژە و کار دابمەزرێنن، تەنانەت ئەورووپا-ش بەهەمان شێوەیە، هەروەها ژاپۆن و چین و ئاسیا-ش، بەڵام ئەفریقیا وانییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی ئەم شتە ناکەن)).

کەواتە ئەو دەسەڵاتەی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بە حزبە سیاسییەکان دراوە، تەنیا دەسەڵاتی دیالۆگ و چارەسەری کێشەکانە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە، هەروەها کاتێک ئەو حزبانە لەنێو خۆشیاندا دیالۆگ دەکەن، ئەوا وەك پرۆفیسۆر ئەگەزینۆ بەگوڵانی ڕاگەیاند، دەبێت دیالۆگی نێوان حزبەکان تەنیا بەرژەوەندی خودی حزبەکان نەبێت، بەڵکو هەوڵدان بێت بۆ پیادەکردنی ئەو بەرنامەو سیاسەتەی کە لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان و کۆمەڵگەی مەدەنیدایە، سەبارەت بەوەشی چۆن هەوڵدەدرێت بەو ئاراستەیە سیاسەتەکان ئاراستە بکرێت، چۆن دەتوانرێت لەدوای گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەنگاو بۆ دادپەروەری کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان هەڵبگیرێت، پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر جودیس ریپی ئوستادی ئابووری لەزانکۆی کۆرنیل و تۆژەری باڵا لەسەنتەری دیراساتی ئاشتی و تەنگژەکان، بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (لەدیموکراسیەتدا، گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان دەوڵەت و هاووڵاتیان لەڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە حوکم دەکرێت، لەگەڵ پارێزگاریی دەستووری بۆ مافە سەرەکییەکانی هەمووان. بەواتای دەوڵەت پێویستیی بە دەسەڵاتێکی تەشریعی کارا هەیە لەگەڵ دادوەرییەکی سەربەخۆ، هەروەها سەرۆکێك یاخود سەرۆك وەزیرانێك بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکاری. بۆئەوەی ئەم ڕێکخستنە بەتێپەڕبوونی کات کاربکات، پێویستە کۆمەڵگە دان بە بەهاکان بنێت و ڕێز بۆ مافی کەمینەکان بنوێنێت، لەگەڵ قبوولکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان و حوکمڕانیی سیستەمی دادوەری پەسەند بکات. کاتێک کە حکومەت گەندەڵ بێت و یاسا بەشێوەیەکی یەکسان پەیڕەو نەکرێت، شەرعییەت دەکەوێتە ژێر



پ. ئەدوین ئەمێنتا:

> **ئەگەر بە بڕیارەکانی زۆرینە ڕازی نەبوویت، نابێت هەوڵی ڕووخاندنی سیستەمەکە بدەیت، دەبێت هەوڵبدەیت لەچوارچێوەی سیستەمەکەدا و بەڕێگەی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بکەیت**

گومانەوە. ئەوجا لەبەر ئەوەی سیستمی دیموکراتی سیستمی فرەلایەنی-یە، چەندین جۆر شێوازی مامەڵەی نێوان پارتە سیاسییەکان لەبارەی کێشەکانی پێوەندار بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە. لەسیستەمی پەرلەمانیدا، حکومەتی ئیئتیلافی یەك نموونە پێشکەش دەکات، کە تیایدا پارتە سیاسییەکان ڕەزامەند دەبن لەسەر هەماهەنگی لەپێناو بەکارخستنی دەسەڵاتی سیاسی. کاتێك کە سەرۆك ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و لەسەر بەرنامەیەکی جێگیر کاردەکات، سەرۆك دەسەڵاتێکی گەورەی دەبێت بۆ پێکهێنانی سیاسەتی پێوەندار بە ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها بەند دەبێت بە ئیرادەی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ دەرکردنی یاساکان لەپێناو دانانی سیاسەتەکان، بۆ نموونە ئەگەر ئاسایشی دەوڵەت لەژێر مەترسی بوو، ئەوکات پێویستە هاووڵاتیان ئامادەباشییان تێدا هەبێت بۆ بەرگریکردن لەوڵاتی خۆیان).

ئەوەی پێشتر سەبارەت بەسنووری دەسەڵاتی حزبە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەی دیموکراتی ئاماژەمان پێکرد، پرۆفیسۆر جودیس ریپی کە تایبەتمەند و پسپۆڕە لەسیاسەتی چارەسەری کێشەکان و سیاسەتی حکومڕانی، ئەویش جەختی لەسەر دەکاتەوە کە حزبی سیاسیی تا ئەو کاتە دەتوانێت نوێنەرایەتی هاووڵاتیان یان دەنگدەران بکات کە هەوڵبدات کێشەکان بەرێگەی دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکات و ئاسایش و سەقامگیری نەخاتە مەترسییەوە، بەپێچەوانەوە هاووڵاتیان ئازادن لەوەی بەسیاسەتی ئەو حزبەوە پابەند نەبن کە هەوڵەکانی لەگەڵ ئاراستەی دیموکراتی یەکنا گرێتەوە.

### دینامیکیەتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ گەیشتن بە ئاشتی کۆمەڵایەتی

ئەگەر میتۆدی ڕەخنەیی یەکێك لەستوونە گرنگەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بێت، ئەوا ئەو میتۆدە دەبێت لەهەمانکاتدا بنەمای گۆڕین و

وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بێت، بێگومان گۆڕین و وەرچەرخان بەرەو باشتر نەك بەرەو خراپتر، هەر بۆیە ئەگەر میتۆدی رەخنە بەو مانایەش بەکاربهێنرێت کە هاووڵاتیان و میدیا بەردەوام بەشێوەیەکی سلبی سەیری کۆمەڵگە دەکەن و بەردەوام پرسیاری خۆیان ئاراستە دەکەن و بەمیتۆدی رەخنەیی کەموکورتییەکان ئاشکرا دەکەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە میدیا و هاووڵاتیان لەم سیستمە سیاسییە کە سیستمی دیموکراتیە نارازین و دەیانەوێت سیستمێکی بەدیلی دیموکراتی یان تیۆکراتی یان پۆپۆلیستی دابمەزرێت، بۆیە لێرەدا گرنگە سەیرکردنی کۆمەڵگە بە دیدی سلبی یان میتۆدی رەخنەگرانە یەکێکە لەسیما جوانەکانی دیموکراتی بۆ ئەوەی رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و ئازادییەکان بەردەوام لەبەرەو پێشەوەچووندا بن، بۆیە لێرەوە میتۆدی رەخنەیی بۆ بەدیارخستن و ئاشکراکردنی کەموکورتیەکانی کۆمەڵگە، بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەو کەموکورتیانەیە، ئەمەو ئەو لایەنەی کە هابرماس لەکتێبی (المعرفە و المصلحە) ناوی لێناوە رەخنەیەکە کە بەرژەوەندییەکەی ئەوەیە کۆمەڵگە لە کەموکورتییەکان رزگار بکات و کێشەو گیروگرفتەکان چارەسەر بکات، بۆیە ئەم جۆرە رەخنەیە بەردەوام ئومێدێك لەکۆمەڵگە دروست دەکات، کە سیستمی سیاسیی (ئەوجا هەر حزبێك فەرمانڕەوا بێت) توانای ئەوەی هەیە کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام رەخنەش هەیە کە بۆ بەرژەوەندی ئایدلۆژیایەك دروست دەبێت، ئەم جۆرە رەخنانە وەك رەخنەی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان لەسیستمی دیموکراتی دامەزراوەیی یان سەرکردەی حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان، کە ئامانجیان ئەوەیە بەو رەخنانە سیستمی دیموکراتیەکە برووخێنن و لەجێگەی ئەو سیستمێکی تیۆکراتی یان پۆپۆلیستی کە تیایدا سندوقی دەنگدان و هەڵبژاردن هەبێت بۆ شەرعیەت پێدانی دەسەڵاتەکەیان، نموونەی یەکەمیان کە چەپی پۆپۆلیستە هەموو ئەو وڵاتانەی پۆست کۆمونیست و ئەمریکای لاتینی دەگرێتەوە، کە پێیانوایە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسیستمی دیموکراتی لیبرالیدا هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی زیاتری سەرمایەداران و هەژاربوونی زیاتری هەژارەکان، بۆیە ئەو حزبانەی کە هەیکەلی کاری رێکخراوەییان لەسەر بنەمای پۆپۆلیستی-یە، ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە هەژاری زیاتر بێت و دامەزراوەکان لاواز بن بۆ ئەوەی راستی ئایدلۆژیەتی خۆیان بسەلمێنن، بۆیە بەردەوام ئەم بزووتنەوە چەپانەی پۆپۆلیست جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە،(ئەم سیستمە سەقەتە، دامەزراوەکانی توانای چاکسازی رادیکاڵیانەی تێدانییە، حزبی سیاسیی بۆتە بار بەسەر کۆمەڵگە و پێویستە حزب و حکومەت لێکجیابکرێتەوە...تاد)، هەرچی حزبە سیاسییە ئیسلامیەکانیشە کە ئەوانیش بە راشکاوی و لەهۆیەکانی راگەیاندنی خۆیانەوە بەئاشکرا باسی لێوە دەکەن و هەوادارانی خۆیان بەلایەنە سلبیەکانی کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا گۆش دەکەن و رێنماییان دەکەن کە نابێت ئیتر ئەو هەڵەیەی ئەوروپیەکان کردیان موسڵمانان دووبارەی بکەنەوە، ئەوە راشکاوانە مەبەستیان ئەوەیە نابێت موسڵمانان هەڵەی شۆڕشی رێنیسانس کە بەرهەمەکەی رۆشنگەری و مۆدێرنە بوو دووبارە بکەنەوە، هەروەها نابێت ئایین و سیاسەت لێکجیابکرێتەوە، بۆیە ئەو سیستمەی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین و سیاسەت و ئایین و دەوڵەت لەدوای رۆشنگەری بەرهەم هاتووە، نابێت لەکوردستان دووبارە بێتەوە، بۆیە ئەم جۆرە رەخنانە کە بۆ بەرژەوەندی ئایدلۆژیەتی ئصولی ئیسلامی یان چەپی پۆپۆلیستی بەرهەم دێنن، ئەمانە کەم تا زۆر نابنە رەخنەی رزگارکەر لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی هەوڵی بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە بدەن بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی سیستمی لیبرال دیموکراتیدا پێشبکەوێت، هەوڵی ئەوە دەدەن سیستمەکە بگۆڕن بۆ سیستمێکی دیکە کە هیچ پێوەندییەکی بە لیبرال دیموکراتیەوە نەمێنێت، بێجگە لەدانانی سندوقی دەنگدان وەك رووکارێك بۆ شاردنەوەی ئایدلۆژیەتی دژ بە دیموکراتی خۆیان، ئەمەش نەك نابێتە هۆکارێك بۆ چەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبێتە هۆکارێك بۆ نەمانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی بێمتمانەیی و ئاژاوە لەکۆمەڵگەدا، سەبارەت بە چۆنییەتی دروستبوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئەدوین ئەمێنتا ئوستادی سیسیۆلۆژیای سیاسەت لەزانکۆی شیکاگۆ کرد سەبارەت بە هەڵوێستی حزبەکانی دەسەڵات و



**ئەلبێنا ئەزمانۆڤا:**

**یەکێک لەڕەهەندەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەوەیە، تاکەکەس تێروانینیان وابێت ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی ئەوان تێیدادەژین دادپەروەرە**

ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەم لایەنە، بەمجۆرە رای خـــۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (دەبێت حزبەکانی حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن لەسەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی ڕێکبکەون، لەزۆرێك لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا هاوسەنگییەك هەیە لەنێوان ماف و بەرپرسیارێتیدا، بۆ نموونە کاتێك خەڵکی بەشداری لەپرۆسە دیموکراتیەکەدا دەکەن، دەبێت ئەو بەشداری کردنە ڕاستەقینە بێت، واتە دەبێت دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێت گوزارشت لەوە بکەن کە بەڕاستی دەزانن، ئەمە وەك مافێك، لەهەمان کاتدا دەبێت ڕازی بن بە پابەندبوون بە ڕێساکانەوە، چونکە ئەمە

**ئەو حزبانەی کە هەیکەلی کاری ڕێکخراوەییان لەسەر بنەمای پۆپۆلیستی-یە. ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە هەژاری زیاتر بێت و دامەزراوەکان لاواز بن بۆ ئەوەی ڕاستی ئایدلۆژیەتی خۆیان بسەلمێنن**

سەردەکێشێت بۆ سەقامگیری، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕازی بیت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەوا بەشداریتکردووە لەهێنانەدی سەقامگیریدا. واتە ئەگەر تۆ پاڵێوراوێك بیت و لەهەڵبژاردنەکاندا بدۆڕێیت، نابێت هەوڵی ڕووخاندنی سیستەمەکە بدەیت ئەگەر لەبڕیارەکانی زۆرینە ڕازی نەبوویت، دەبێت هەوڵبدەیت لەچوارچێوەی سیستمەکەدا و بەرێگەی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بکەیت. هەربۆیە هەر دیموکراسیەك بیەوێت سەرکەوتوو و بەردەوام بێت، ئەوا دەبێت ڕێککەوتنێك لەنێوان پارتە سیاسییە جیاوازەکاندا هەبێت لەسەر هەندێ بنەمای بنچینەیی، دووبارە ئەمە کارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی لەوڵاتێکدا کە لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردن دابێت زۆر زەحمەتە پارتە سیاسییەکان متمانە بە یەك بکەن، لەم دۆخەدا پێویست بەوە دەکات پارتە سیاسییەکان لەبۆچوون و تێڕوانینی یەکتر تێبگەن. کەواتە لەم هەلومەرجەدا چارەسەرێکی ئاسان بۆ کێشەکان لەئارادانییە، چونکە ئەوە ڕاستە کە لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردن دووچاری دژواری زۆر دەبیتەوە، بەڵام لەهەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا مافگەلێکی دیاریکراو زەمانەت کراون، وەك مافی کۆبوونەوە، گفتوگۆی کراوە لەبارەی پرسی کێشەکان و هەڵبژاردنی سەرکردەکان، واتە ڕێککەوتنەکە ئەوەیە هاووڵاتیان ڕێگە بە کەسانێکی دیارکراو دەدەن سەرکرایەتیان بکەن، بەڵام ئەگەر پێیانوابوو بەشێوەیەکی گونجاو ڕەفتاریان نەکردووە، دەیانگۆڕن و کەسانی دیکە لەبری ئەوان هەڵدەبژێرن)).

کەواتە وەك پرۆفیسۆ ئیدوین ئەمینتاش ئاماژەی پێکرد، بەشداری لەپرۆسەی دیموکراتی بەشدارییەکە لەچوارچێوەی هاوسەنگی و مافدا و پێویستە هەموو لایەنەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە ڕەچاوی ڕێساکانی گەمە دیموکراتیەکە بکەن، سەبارەت بە هەنگاو هەڵگرتنیش بۆ پرۆسەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەك بنەمایەك بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتیش پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئەلبێنا ئەزمانۆڤا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی ئابووری سیاسی نێودەوڵەتی لەزانکۆی کانت لەبرۆکسل کردو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (پێش هەمووشت دەبێت لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا میکانیزمێك هەبێت بۆ بەرگری کردن لەمافی تاکەکەس لەبەرامبەر کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیدا، لەبەر ئەوەی هەروەك مۆنتسکیو و ڕۆسۆش ئاماژەیان پێکردووە دەکرێت کۆمەڵگەش بە چەشنی دەسەڵات مەترسیدار بێت، کەواتە نابێت دیموکراسی بە چەشنێك بنیاد بنێین خاڵی بێت لەمیکانیزمەکانی پاراستنی مافەکانی تاکەکەس لەبەرامبەر خودی کۆمەڵگەدا. لەڕاستیدا هەندێ ماف هەن، وەك مافی ژیان، کە دەبێت زەمانەتکردنیان گرێنەدرێتەوە بە هیچ مەرجێکەوە، ئەویش لەپێناو ئەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی وەك سیستمێکی دادپەروەری لێی بڕوانرێت لەلایەن تاکەکەسانەوە، بۆ ئەوەی هەست بە دڵسۆزی بکەن لەبەرامبەر کۆمەڵگەکەیاندا، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پابەندبوون و دواتر بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی. لەهەمان کاتدا هەندێ ئەرك هەیە دەبێت دەسەڵات پێی هەڵبستێت، وەك دابینکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان، وەك دۆزینەوەی هەلی کارکردن، هەروەها ڕەخساندنی هەل و مەرجی پێویست بۆ بەشداری سیاسی. سەبارەت بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش، یەکێك لەڕەهەندەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئەوەیە تاکەکەس تێڕوانینیان وابێت ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیەی ئەوان تێیدادەژین دادپەروەرە، واتە ئەگەر

**ئەگەر تۆ پاڵێوراوێك بیت و لەهەڵبژاردنەکاندا بدۆڕێیت، نابێت هەوڵی ڕووخاندنی سیستەمەکە بدەیت ئەگەر لەبڕیارەکانی زۆرینە ڕازی نەبوویت، دەبێت هەوڵبدەیت لەچوارچێوەی سیستمەکەدا و بەرێگەی هەڵبژاردن گۆڕانکاری بکەیت**

تاکەکەسەکان هەستنەکەن پارێزراون، ئەوا ئەو سیستمە کۆمەڵایەتیە بە دادپەروەر نازانن کە تێیدا دەژین. ڕەهەندی دووەم، کە ڕەهەندێکی بەرتەسکترە، بریتییە لەلایەنی ئابووری یا کۆمەڵایەتی یان ماددی، یاخود دابینکردنی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی بەردەوام بوونی ژیان، هەر ئەمەش وایکردووە لێکۆڵینەوە بکرێت لەبارەی توانای سیستمە سیاسییەکانی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دابینکردنی ئەم لایەنە، ئەویش خۆی لەدۆزینەوەی هەلی کار یان زەمانەتکردنی ژیانێکی ئاساییدا بەرجەستە دەکات)).





# پێویستی دانانی یاسایەک بۆ سروودی نیشتمانی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق

جێگەی خۆیەتی ئێمەی گەلی کوردستان لەجاران زیاتر، بە میکانیزمی هاوچەرخ لەهەوڵی پاراستنی ناسنامەو مۆرکی نەتەوایەتیماندا بین، کە ویستێکی خواییەو تایبەتمەندێتی نەتەوەیی گەلانی جۆراوجۆر بێت بەمەبەستی یەکتر ناسین.

دیارە کە یەکێك لە خاڵە جیاکارەکانی هەر دەوڵەتێکی سەردەم لەدەوڵەتێکی دی بوونی (ئاڵا)و (سروودی نیشتمانی)یە، (سروودی نیشتمانیی) یش ئەگەر ڕۆڵی وەك ئاڵای وڵات نەبێت، ئەوا هیچی وای لەو کەمتر نییە، چونکە مەسەلەی سروودی نیشتمانی زۆر گرنگە لە ناساندنی گەلان و وڵاتان، ئەوەتا نووسەرێکی وەك (عبدالرزاق الهلالي) کە کتێبێکی گەورەی لەسەر مێژووی عێراق نووسیوە، لەسەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کەهاندەری یەکەمی لەنووسینی مێژووی عێراقیدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کەس هۆنراوەو ئاوازو دانەری هۆنراوەی سروودی نیشتمانیی عێراقی نەزانیوە لەسەر ئاستی باڵای ناو عێراقیشدا ئەوەتا دەڵێت: (ئافرەتێکی ئەمریکی لەساڵی ١٩٤٦دا بەبۆنەی دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ویستی کتێبێك لەسەردەوڵەتانی ئەندام لەڕێکخراوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بنووسێت کە عێراق یەکێك بوو لەوان، بۆیە ئەو ئافرەتە نووسراوەکەی ئاراستەی هەموو وڵاتانی ئەندام کردبوو تیایدا داوای (سروودی نیشتمانیی) و دانەری (هۆنراوە)و (ئاواز)و کورتەیەك لە ژیانی کردبوو، ئەو ئافرەتە نووسراوێکی لەم بارەیەوە دا بە باڵیۆزخانەی (عێراق) لە (واشنتۆن)، باڵیۆزخانەش نووسراوەکە دەنێرێت بۆ (وەزارەتی دەرەوەی عێراق) ئەویش دەینێرێت بۆ وەزارەتی (مەعاریف) ئەویش دەینێرێت بۆ (مدیریة التربیة البدنیة) ئەمیش دەینێرێت بۆ (امریة الجوق الموسیقی) لە وەزارەتی (بەرگری)، لەویش وەڵام نەبوو، بەم شێوەیە دوومانگ تێپەڕی بەسەر وەڵامدانەوەی ئەو ئافرەتە ئەمریکییە)، بڕوانە بەرگی یەکەمی (معجم العراق) (عبدالرزاق الهلالي).

جا بۆ ئەوەی ئێمەش ئاوامان بەسەر نەیەت گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دەزگایەکی بیانی یان ڕێکخراوێکی دەرەوە داوای سروودی نیشتمانیی کوردستانی لێکردین، نەزانین کامەیە سروودی نیشتمانیمان، واچاکە لەخەمی زانینی دانەری هۆنراوەو ئاوازی سروودی نیشتمانیی کوردستاندا بین.

لێرەوە بوونی یاسای سروودی نیشتمانیی کوردستان پێویستییەکی سەردەمە،بۆیە ماددەی (١٢)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش دەڵێت: بەپێی یاسایەك ئاڵای عێراق و دروشم و سروودە نیشتمانییەکەی ڕێکدەخرێت بەشێوەیەك کە ئاماژە بۆ پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکات.

لە ماددەی (١١) ی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا هاتووە کە : (هەرێمی کوردستان- عێراق ئاڵایەکی تایبەتی خۆی هەیە کەلە تەك ئاڵای فیدراڵیدا هەڵدەدرێ، هەروەها دروشم و سروودی نیشتمانیی و جەژنی نەتەوایەتی خۆی (نەورۆز)یشی هەیەو، ئەمەش بەیاسا ڕێك دەخرێت).

بۆیە زۆربەی وڵاتان و هەرێمە فیدراڵییەکانی جیهان لەیاسای سروودی نیشتمانییاندا ئاماژە بەم خاڵانەی لای خوارەوە دەدەن :

ناوی سروود، ناوی دانەری هۆنراوەکەی، ناوی ئاوازدانەرەکەی، ماوەی سروودەکە بەخولەك، ئەو بۆنەو چالاکییانەی کەتیایاندا سروودی نیشتمانیی لێدەدرێت.

بوونی (سروودی نیشتمانیی کوردستان)یش بۆی هەیە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لەم ڕووانەی لای خوارەوەدا:

یەکەم: لێك نزیك کردنەوەی ڕووکارە حزبییە جیاجیاکان، چونکە سروودی نیشتمانیی بازنەی فراوانی کۆکردنەوەی مارشی حزبەکانە، هەر وەکو ئاڵای کوردستان خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی ئاڵاو ڕەنگی حزبەکانە.

دووەم: هەنگاوێکە بۆ دروست کردنی هۆشیاریی ڕاستەقینەی نەتەوەیی لە لای تاك و کۆی ناوەندو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانییدا.

هەر بەم شێوەیەش، شتێکی بەڵگەنەویستە کە لە حاڵەتی هەبوونی سروودی نیشتمانیی کوردستاندا، دەکرێت ئەو سروودە لە زۆر کات و بۆنەدا بە گوێی جەماوەردا بدرێت وەك:

یەکەم: لە ئاهەنگ و مەراسیمی بۆنە تایبەتەکانی دەزگا باڵاکانی حکومەتی هەرێمدا.

دووەم: لە ڕیزبوونی سەرەتای دەوامی ڕۆژانەی قوتابیان و خوێندکارانی قوتابخانەکاندا.

سێیەم: لە سەرەتاو کۆتایی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی هەرێمدا، بەتایبەت رادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕەسمی هەرێم.

چوارەم: لە سەرەتای یارییەکانی تیپە وەرزشییەکانی هەرێم لەگەڵ تیپەکانی دەرەوەی هەرێمدا، بە تایبەت یارییەکانی هەڵبژاردەی هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: بۆنەو چالاکیی دیکە کەدەکرێت لەیاساکەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت.


# بن لادن لەکامپی فارووقەوە بۆ کۆشکی ئابوت ئاباد

تا ساڵی ٢٠٠٧ گومان هەبوو لەوەی ئوسامە بن لادن مابێ. تەنانەت لەچاوپێکەوتنێکی ساڵی ٢٠٠٧دا لەگەڵ خانم بێنەزیر بۆتۆی سەرەك وەزیرانی پێشووی پاکستان، بۆتۆ بەوپەڕی متمانەوە وتی بن لادن لەساڵی ٢٠٠٦وە کوژراوەو بۆ پشت ڕاست کردنەوەی زانیارییەکانی، وتی بن لادن بەدەستی یەکێ لەلایەنگرەکانی کە ئەحمەد عومەر سەعید شێخە کوژراوە. دوای لێدوانەکە بە ٥٥ ڕۆژ، بۆتۆ لەڕەوالپەندی تیرۆرکرا.

بەپێچەوانەی ئەوەی کەئەمریکییەکان دەیڵێن، ڕەنگە کوژرانی بن لادن کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چارەنووسی جەنگی جیهانیی نێوان ئەمریکاو ڕێکخراوی قاعیدە نەبێ. بەڵام ئەم بۆچوونە هیچ لەبایەخی لەناوبردنی بن لادن کەم ناکاتەوەو هیچ گومانێکیشی لەگرنگیی ئەم کارە نییە.

بن لادن بۆ ئەمریکییەکان ببوو بەگرێکوێرەو مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو. لەناوبردنی، بەقەد ئەوەی کە بۆ پرۆپاگەندەو کرینەوەی ئابڕووی تەکاوی ئەمریکا سوودی لێ وەردەگیرێ، ئەوەندە لەڕووی ستراتیژییەوە کاریگەریی لەسەر جەنگی جیهانیی نێوان ئەمریکاو قاعیدە نابێ، چونکە چارەنووسی ئەم جەنگە دەمێکە بەسەرکەوتنی ئەمریکا یەکلا بۆتەوەو لەناوبردنی بن لادنیش لەکاتێکدا هاتە دی کەتێیدا قاعیدە لەپاشەکشەیەکی ستراتیژیدایە.

بن لادن بەر لەوەی کەرێکخراوی قاعیدە دروست بکا، کەیفی بەئەمریکاو شارستانێتیی ڕۆژئاوا نەدەهات. هەڵسوڕانی لە سودان، سەرنجی ئەمریکییەکانی ڕاکێشاو پاش ئەوەی کە لەسودان لەگیانی خۆی دڵنیا نەبوو، ڕووی کردە ئەفغانستان. وەك ملیۆنێرێك، بن لادن دەیتوانی های لایف بژی، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی بەهەڵگری پەیامێکی پیرۆز دادەنا، پێی وابوو خوا بەخۆڕایی ئەو سەروەت و سامانەی پێ نەبەخشیوە، بەڵکو دەیەوێ تاقیی بکاتەوە. بن لادن بڕیاریدا بوو لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرفراز بێ و بەهەشت بۆ خۆی مسۆگەر بکا. ئەگەرچی بەبێ هانا بردن بۆ کوشتن و خوێن ڕشتنیش دەیتوانی بەهەشتی داواکراو بۆ خۆی مسۆگەر بکا، بەڵام نەیتوانی ئەو بیرۆکەیە لەمێشکی خۆی دەربێنێ کەپەیامەکەی هانی دەدا دژوارترین ڕێگا بگرێتە بەر.


فەرید ئەسەسەرد

لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا بەرەزامەندی بزووتنەوەی تالیبان کامپی فارووقی لەئەفغانستان دامەزراندو کەوتە سازکردنی پێداویستییەکانی مەشق پێکردنی لایەنگرەکانی. کامپەکەی بن لادن هەزاران جەنگاوەری بەرهەم هێنا کەباوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کەهەڵگری پەیامێکی ئاسمانین و ئەو مرۆڤەی دەبێتە سەرباز لەسوپای خوادا سەڵ لەمردن ناکاتەوەو کوشتن بەکارێکی پیرۆز دادەنێ. فەلسەفەی کوشتن پێش بن لادن هەبوو. ئەم فەلسەفەیە لەلایەن ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکانەوە داهات کەهەر یەکێکیان پاساوێکی ڕوونی بۆ بەکارهێنانی کوشتن وەك ئامرازی بەدیهێنانی ئامانجەکان پێشکەش دەکرد. لەم پێودانگەوە مارکسیزم مافی لەناوبردنی دوژمنە چینایەتییەکانی بەلایەنگرەکانی خۆی بەخشی و فاشیزمی هیتلەریش هیچ تەگەرەیەکی نەخستە بەردەم لەناوبردنی ئەوانەی ناوی نابوون دوژمنانی گەلی ئەڵمان. بەهەمان پێودانگ، بن لادن لەناوبردنی دوژمنە ئایینییەکانی کردە بنەماو لەم ڕووەوە جەختی لەسەر کوشتن وەك پرەنسیپێکی گشتی کردەوەو شێوەی کوشتنەکەشی بەبێ هیچ کۆسپ و لەمپەرێك بەڕەهایی بۆ لایەنگرەکانی بەجێ هێشت.

ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ چوار هاورێی کەدووانیان میسرین و دووانەکەی تر یەکێکیان پاکستانییەو ئەوی دی بەنگلادیشی، ڕێکخراوێکی جیهانیی بەناوی بەرەی جیهانیی بەگژداچوونەوەی جوولەکەو ئەمریکییەکانەوە ڕاگەیاندو شەڕە پیرۆزەکەی خۆی دەست پێکرد. لەو شەڕەدا بن لادن هیچ سەرکەوتنێکی ستراتیژیی بەدەست نەهێناو لەم سەروبەندەدا ستراتیژی درێژکردنەوەی شەڕ بۆ تاهەتایە نەبووە مایەی مسۆگەرکردنی سەرکەوتن. ئێستا، دوا بەدوای لەناوبردنی بن لادن، لەڕوانگەی میتۆدی ستراتیژییەوە، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەئەوەی بن لادن نەیتوانیوە بەدەستی بێنێ، جێگرەکانی دەتوانن بەدەستی بێنن.

# بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات و بەردەوامی پرۆسەی چاکسازی





## سیری گولپن بۆ گوڵان:



# کێشەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کێشەیەکی ئاڵۆزە. ئەگەر توانای خەڵک بەباشی بونیاد نەنرێتەوە، ئەوا ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دووبارە بنیادنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە قورستر دەبێت

ئەگەر بیانییەك لێمان بپرسێ وڵاتی ئێوە لە چ قۆناغێکدایە و دەتانەوێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵبگرن؟ لەوانەیە زۆربەی وەڵامەکان بەوجۆرە بێت کە ئێمە وڵاتی دوای شـــەڕین و دەمانەوێت ژێرخانی وڵاتمان بونیاد بنێینەوە و هەنگاو بەرەو ژیانێکی خۆشـــگوزەران و دیموکراتی هەڵبگرین، لەم وەڵامەی ئێمە بەشـــی زۆری ئەوانـــەی پرســـیارمان لێدەکەن، هەست دەکەن ئێمە پێشتر ئەزموونێکمان هەبووە و دەزانین چۆن بونیادی بنێینەوە، یان لە باکگراوندی مێژووی حکومڕانی سەدان ساڵمانەوە نەخشەیەکی ڕێگەمان لەبەردەستە و دەزانین بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگریـــن، بەڵام ئەگەر بە وردی بار و قۆناغی ئێســـتا و ڕابردووی خۆمان بـــەراورد بکەین، هەســـت دەکەین ئێمە وڵاتی دوای شەڕ نین، بەڵکو وڵاتێکی داگیرکراو بووین شەڕ هاتۆتە ناو وڵاتی ئێمە و هەتا ئێستاش ڕێژەی لە ٤٠٪ی ئـــەو ناوچانەی کە پێـــی دەڵێن ناوچە دابڕاوەکان نەگەڕاونەتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر ئێمە وڵات نەبووین، بەڵکو داگیرکراو بووین و وەك خاکی داگیرکراو مامەڵەیان لەگەڵ کردووین و نەك هەر پرۆژەکانمان بەهۆی شـــەڕ و کاولکارییەوە تێکچوون، بەڵکو بەدەســـتی ئەنقەست هەرێمی کوردستان لەســـەردەمی ڕژێمە یەك بەدوایەکانی عێراقدا پشتگوێ خرابووین و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕێژەی ئەو ١٧٪ی کە وەك بەشـــە داهاتی کوردســـتان لە بودجەی عێراق بۆ ئەم هەرێمە تەرخانکراوە دوای لێ بڕینی خەرجییەکانی سەروەریی کە ١٢,٨٪ی دەمێنێتەوە و کێشەو ململانێی لەســـەرەو هەتا ئێســـتا ئەو بودجەیەش نەبۆتە بنەمایەکی ئەتـــۆ کە بتوانرێت پلانی ســـتراتیژی درێژخایەنی لەسەر دابڕێژرێت، بۆیـــە لێرەوە بەچەند خاڵێك دەسنیشـــانی باری ئێســـتا دەکەین، بۆ ئەوەی دواتر کە دێینە ســـەر مەسەلەی بونیادنانەوەی ژێرخان بتوانین قســـەی لەسەر بکەین:

١- جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتـــی دوای شـــەڕ ئەوەیە، وڵاتی دوای شـــەڕ دەزانێت لەمیانەی ئەو شـــەڕەدا چەند کۆمپانیا و پرۆژەی ســـتراتیژی و فرۆکەخانە و ئاپارتمان و شەقامی تێکچووە یان خاپور بووە، بۆیە کاتێك دوای شـــەڕ دەیەوێت سەرلەنوێ وڵاتی خـــۆی ڕێکبخاتـــەوە، دەزانێت چی دەوێت و دەشـــزانێت چۆن دەستی پێبکات، بـــەڵام وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستان کە دەکرێت بڵێین حاڵەتەکەی ئەگەر دەگمەنیش نەبێت وێنەی کەمە، هیچی نەبووە و دەبێت لەســـفرەوە دەست پێبکاتەوە، تەنانەت ژێرخانی حکومڕانی و بەڕێوەبردنی وڵاتیشی لەسفرەوە دەست پێکردۆتەوە.

٢- وڵاتانی دوای شـــەڕ کە شـــەڕ تەواو دەبێت وەك ئەندامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حســـابی بۆ دەکرێت و وەك ئەندامێکـــی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی کۆمـــەك دەکرێت و قەرزی درێژخایەنی پێدەدرێت هەتا دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی، بەڵام هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕین کـــە پەرلەمان و حکومەتـــی هەرێمی کوردستانی دامەزراند، کەوتە ژێر باری دوو گەمـــارۆ، عێراقیـــش گەمارۆی ئابـــووری خســـتە ســـەر بـــۆ ئەوەی ئەزموونەکـــە ســـەرکەوتوو نەبێت، بۆیە لەم ڕووەشەوە ناکرێت هەرێمی کوردستان بەراورد بکرێت.

لەوڵاتانی دوای شەڕ توانایی مرۆیی بەو ئاستە لاواز نەبووە کە نەتوانرێت دوای شەڕ بۆ ئاوەدانکردنەوە هەڵبسورێنرێت، هـــەر بۆنموونە لە ئەڵمانیـــا و ژاپۆنی دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەو توانا مرۆییەی کە پێشـــتر بۆ شەڕ خرابوونە گەڕ، توانرا دوای شـــەڕ بگۆڕدرێنەوە بۆ توانـــای بونیادنانەوە، هەروەك چۆن عێراق دوای شـــەڕی لەگەڵ ئێران ئەو تواناییانەی بۆ کاری ســـەربازی و شەڕ خســـتبوویەوە ئەو کارگانەی بەرهەمی پێداویستی ســـەربازی بەرهەم دەهێنا، هەمووی گۆڕینەوە بۆ خزمەتی مەدەنی، بۆیە لەڕووی توانای مرۆییشەوە وڵاتی





ئێمە وڵاتێکی پشتگوێ خرابوومان بۆ بەجێما، لە هەموو کوردستاندا زانکۆیەك و تەنیا یەك دوو پەیمانگا هەبوو، هەروەها لەناو زانکۆی سەلاحەدینیشدا، کۆلێژی کشتوکاڵی داخرابوو، بۆ ئەوەی تەنانەت کادری کشتوکاڵی زانستی پەروەردە نەبن و ئابووری کوردستان لەسەر بنەمای ئابووری کشتوکاڵی بونیاد نەنێنەوە، لەم لایەنەشەوە هەست دەکەین دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانی توانا مرۆییەکانیشمان پێویستی بەسەرلەنوێ بونیادنانەوە هەیە.

ئەم خاڵانە لەوەڵامی ئەو پرسیارە زیاتر بوونە جێگەی ئەوەی ئاماژەی پێبکەین، کاتێك پرسیارمان لە پرۆفیسۆر رۆبەرت باسیل تالیس ئوستادی فەلسەفەی سیاسیی لەزانکۆی ڤاندەربیڵت کرد و بەبیری هێنایەوە کە بونیادنانەوەی ژێرخان کۆمەڵێك لایەن دەگرێتەوە و لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (پرسیار لەسەر بونیادنانەوەی ژێرخان پرسیارێکی باشە و لەهەمان کاتدا پرسیارێکی قورسیشە، لەبەر ئەوەی دەکرێت ژێرخان مانای جیاوازی هەبێت، دەکرێت بەمانای هەلومەرجی کەلتووری، دۆخی ئابووری، سەرچاوەکان و چۆنیەتی تەرخانکردن و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردن و دابەشکردنیان بگرێتەوە، هەروەها دەکرێت باسکردن بێت لە سروشتی ئەو سیستمە قەزائیەی لە ئارادایە، سروشتی دەستووری وڵاتەکە و پەرلەمانی وڵاتەکە و..تاد. لەبەر ئەوە وەڵامێکی گشتی نییە بۆ پرسیارەکەی ئێوە، لەبەر ئەوەی گواستنەوە بۆ دیموکراسی پێویستی بە ڕەچاوکردنی چەند ئیعتیبارێك هەیە کە پەیوەستن بەو کۆمەڵگەیەی ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین. بۆ نموونە ئەگەر وڵاتەکە تازە لە شەڕی ناوخۆ ڕزگاری بووبێت، یان لەشەڕکردن لەگەڵ هێزێکی دەرەکی یان دەوڵەتێکی دراوسێ، ئەوا ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی بە دیموکراتیکردن. هەروەها دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئێمە وڵاتێك لە چ دۆخێکەوە بەرەو دیموکراسی ئاڵوگۆڕ پێدەکەین، ئایا پێشتر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ئارادابووە، ئایا ڕژێمێکی تیۆکراتی حکومڕانیکردووە، ئایا جۆرێك لە پاشایەتی فەرمانڕەوابووە، کەواتە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن دەوەستێتەسەر زۆرێك لە هەلومەرجە واقیعیەکەی ئەو کۆمەڵگەیەی جێی باسی ئێمەیە. هەربۆیە گرنگە پێش ئەوەی دەست بە قۆناغی ئینتیقالی بکەین ئەوە دەستنیشان بکەین کە لە واقیعدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ چ هەلومەرجێکدا دەکەین، ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن تەواو ڕاست و دروستە کە ئەگەر پێشمەرجە دیموکراسییەکان، ئەگەر ڕێساکانی بەرەنگاربوونەوی گەندەڵی، ئەگەری سەروەریی یاسا پشتگوێخران، ئەگەر کرانەوە لە ئارادانەبوو، ئەوا بە دڵنیاییەوە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن زەحمەتتر دەبێت. چونکە دیموکراسی بریتی نییە لە تەنیا هەڵبژاردن و دەنگدان و ئازادی ڕۆژنامەگەری، لەبەر ئەوەی هەروەك دەوترێت دیموکراسی پەیوەستە بە متمانەی کۆمەلایەتیەوە، بۆ نموونە تۆ پێویستت بەوە هەیە متمانە بە دراوسێکەت بکەیت کە وەك هاووڵاتییەکی باش رەفتار دەکات، متمانە بە بەرپرسە هەڵبژێدراوەکانت بکەیت بۆ ئەوەی لە ئاستی نوێنەرایەتی کردنی ئەو بەرژەوەندیانەدا بن کە لە پێناویدا هەڵبژێردراون و متمانەیان پێدراوە. واتە هەر تەنیا ئەوە بەس نییە خەڵك تێگەیشتنێکی دیاریکراویان لە بارەی جیهانەوە هەبێت، بەڵکو دەبێت ئاشنا بکرێن بە پرسە مەدەنیەکان، بزانن مافەکانیان چییە، بزانن سیستمە سیاسییەکە چییە و ڕێساکان چین، چونکە لەغیابی ئەمانەدا دیموکراسی دروست نابێت، کەواتە دیموکراسی پێویستی بە پەروەردە، بە پێوەندیکردن و بە بەشداری کردن هەیە. لەو وڵاتانەی لە قۆناغی ئینتیقالیدا ئەرکی ئاشناکردنی خەڵك بە پرسە مەدەنیەکان زەحمەتە،

بەرفراوانەکەی توانای مرۆییە، کە ئاستی خوێنەواری، ئاستی پەروەردەیی، ئاستی توانای بەدەستهێنانی خۆراك دەگرێتەوە. چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە مامەڵە لەگەڵ خەڵکانێکی خوێنەواردا دەکەین کە خاوەنی تەندروستیەکی باشن، یاخود لەگەڵ خەڵکانێکی نەخوێندەوار کە مەحرومن لە پێداویستیە بنەڕەتییەکان، وەك خۆراك، هەروەها ئایا شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خەڵك دابینکراوە، ئایا ئاوی خواردنەوە دابینکراوە، لەبەر ئەوە دەبێت بە چەشنی وەڵامی پرسیارەکەی پێشوو لێرەشدا وەڵامێکی گشتی پرسیارەکەتان بدەمەوە. واتە بە شێوەیەکی گشتی دیموکراسی پێویستی بەوە هەیە پێداویستییە بنەڕەتییەکان دابینکرابێتن، بۆ نموونە دەکرێت لەگەڵ ئەوەی خەڵکانێکت هەبێت تەندروستییەکی باشیان هەبێت، خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوون بن، ئاستێکی باشی خوێنەواری و پەروەردەییان هەبێت، ئەوا دیموکراسی دووچاری لاوازی و نەمان ببێتەوە، ئەگەر خەڵکی ئاوی پاکیان نەبووە بۆ خواردنەوە، ئەگەر ئازادی ڕۆژنامەگەری نەبوو، ئەگەر پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دیکە دابین نەکرابوو، ئەوا ناکرێت بڵێین هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەچێت)).

کەواتە مەسەلەی پەرەپێدانی مرۆیی هاوشانی پرۆسەکانی دیکەی قۆناغەکانی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی ژێرخان گرنگیەکی تایبەتی هەیە و پەیوەستە بە پرۆسەی فێرکردن و ڕاهێنان و لەمەش گرنگتر دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سیری گولپن بەڕێوەبەری دیراساتی پەرەپێدان و دیموکراتی لەسەنتەری (CMI) لەنەرویج و ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی بێرگن کرد و سەبارەت بەم پرۆسەیە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (بۆ دیموکراسی گرنگە خەڵکی وڵاتەکە ئاستێکی بەرزی خوێندەواریان هەبێت، لە هەمان کاتدا دامەزراوە پەروەردەییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش گرنگی خۆیان هەیە کە ببنە سەکۆیەك بۆ مشتومڕ و گفتوگۆی گشتی. بۆیە من دووبارە جەخت لەسەر گرنگی پەروەردە دەکەمەوە، پەروەردە گرنگە بۆ باشترکردنی توانای مرۆیی، بۆ گەشەپێدانی ئابووری و بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی پەروەردە و بنیادنانی توانای مرۆیی داینەمۆی گەشەپێدانن. لەلایەکی دیکەوە توانای دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی داهات، بێئەوەی پشت بە هاووڵاتیان ببەستێت، دەبێتەهۆی ئەوەی پرۆسەی گەشەپێدان و دیموکراسی زەحمەت بێت. هەندێ لەو وڵاتانەی دیموکراسی تێیاندا لاوازە، بۆ نموونە مالاوی، زانکۆکان هەوڵیانداوە ڕۆڵێك ببینن لەم ڕووەوە، بۆ نموونە هەوڵیانداوە ڕەخنە لەو ناڵێبوردەییە بگرن کە لەلایەن دەسەڵاتەوە مومارەسە دەکرێت. کەواتە ئەوە ڕاستە زانکۆکان، ڕۆشنبیران و کەسە ئاکادیمیەکان دەتوانن هەم لە وڵاتە گەشەکردووەکان و هەم لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ ببینن، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی ئاستێکی نزمی گەشەکردنیان هەیە، بەڵام ئەمەش پێویستی بە بوێری و بە پاڵنەر هەیە بۆ ئەوەی دەنگ بەرز بکەنەوە، چونکە ئەگەر کەسانێك هەبن ئامادەبن کەمتەرخەمی لە ئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیاندا بکەن وەك نرخێك بۆ بەدەستهێنانی داهات بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانیان، واتە ئامادەبن ملکەچی دەسەڵاتەکە بن، ئەوا کەمتر دەتوانن ئەم ڕۆڵە ئەدا بکەن. پێموایە ئەگەر بتوانرێت تۆڕێکی نێودەوڵەتی هەبێت ئەکادیمیەکان کۆبکاتەوە، ئەوا ئەمە زیاتر دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی ئامادەبن و توانای ئەوەیان هەبێت ڕەخنەبگرن، چونکە ئەو کاتە هەستدەکەن پارێزراون، لەبەر ئەوەی ئەگەر ڕووبەڕووی هەراسانکردن ببنەوە، ئەوا دەزانن کەسانێك هەن دەنگ بەرز دەکەنەوە،

## لی دیمتریس والکەر بۆ گوڵان:



## ئەو کۆمەڵگەیانەی مێژوویەکی درێژ و ئەزموونی تەواویان لە حکومڕانی دیموکراتی نییە، دەتوانن سوود لە کەلتووری خۆیان وەربگرن و ئاوێتەی بکەن لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

هەروەها دەکرێت لەڕێی دارشتنی یاساوە بۆ پاراستنی ئەکادیمیەکان و بنیادنانی ژێرخانی پێویست بۆ ئەوەی هەڵبستن بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، کارێك بکرێت کە کەسە ئەکادیمیەکان پێگەیەکی کەمتر لاوازیان هەبێت لە بەرامبەر فشارەکاندا. کەواتە دروستکردنی ئەم تۆڕە نێودەوڵەتیە گرنگە بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی کەلتووری ڕەخنەگرتن)).

سەبارەت بە ئاستی نزمی توانای مرۆییش لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادی دیموکراتی، پرۆفیسۆر لی دیمتریس لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردووەوە: (ئەگەر ئاستی توانای مرۆیی نزم بوو، ئەوا دژواری و زەحمەتیەکی زۆر دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە پیشەوەری و ئاستی پێویستی پەروەردەیی لە چوارچێوەی دەزگای بیرۆکراسیەتدا بەدی ناکرێت، بۆ ئەوەی کارەکان وەك پێویست و بە شێوازێکی پیشەوەرانە ئەنجام بدرێن. کەواتە چۆن ئەمە بنیاد دەنرێت؟ لە ڕاستیدا ئەمە پێویستی بە کاتە، لەبەر ئەوەی تۆ پێویستت بە ڕاهێنان و مەشقپێکردن و چاودێریکردنی ئەو کەسانە هەیە کە لەو دەزگایەدا کار دەکەن. واتە بنیادنانی توانای مرۆیی پێویستی بە مەشقپێکردن و ڕاهێنانی بەردەوامە. لەم ڕووەوە زانکۆکان گرنگن و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بڵاوکردنەوەی مەعریفە و ئەگەر بەم ڕۆڵە هەڵنەستن، ئەوا ئەمە مانای بوونی کەموکورتیە لە کۆمەڵگەدا. کەواتە ئاستی پەروەردەی زانکۆیی ئاستێکی گرنگە، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئاستەکانی دیکەی پەروەردەیی فەرامۆش بکرێن، بۆ نموونە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا قۆناغی سەرەتای پەروەردە هەیە، کە منداڵان فێری نووسین و خوێندنەوە دەکات، بەڵام زۆربەی منداڵان بەردەوام نابن و دوای تەواوکردنی ئەم قۆناغە درێژە بە خوێندن نادەن، لەبەر ئەوەی پێویستە گرنگی بە قۆناغی ناوەندی بدرێت لەم وڵاتانەدا، بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان هەبێت قۆناغی ناوەندیش تەواو بکەن، واتە بەلای کەمەوە ئەم ئاستە پەروەردەییەیان هەبێت. لە ڕاستیدا قۆناغی پەروەردەی زانکۆیی گرنگە بۆ بنیادنان و بەردەوامیدان بە دیموکراسی، لەبەر ئەوە من ئومێدی ئەوە دەکەم ئەوو قوتابیانە دەرفەتی ئەوەشیان هەبێت ئەم قۆناغە گرنگە تەواو بکەن. هەروەها یەکێك لە دژواری و زەحمەتیەکان ئەوەیە ئەو کەسانەی زانکۆش تەواو دەکەن، نیگەرانی ئەوەیان هەیە کە هەلی کارکردن و سوودوەرگرتن لە پسپۆڕیەکەیان بۆ نارەخسێت، کاتێکیش ناتوانن دەرفەتی کارکردن بەدەست بهێنن، ئەوا دووچاری نائومێدی دەبن. لەبەر ئەوە گرنگە دەوڵەت کار بۆ ئەوە بکات هەموو ئەوانەی شایستەی ئەوەن قۆناغی خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن، ئەم دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی لە زانکۆدا بتوانن ئەو توانا مرۆییە بەدەست بهێنن کە ئێوە باسی لێوەدەکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو گەنجانە ببنە پاڵپشت بۆ سیستمەکە)).

**چاکسازی بەردەوام و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی**

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی و بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵات ڕووبەڕووی دەبینەوە، سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی و ئەو کەموکورتیانەیە کە لەئاکامی کەم ئەزموونی پرۆسەی حکومڕانی دێتە ڕێگەی پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە، هەربۆیە ئەگەر ئیرادەی چاکسازی و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی نەخرێتە گەڕ، ئەوە چارەنووسی پرۆسەکە بەرەو خراپ دەبات، بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پرۆسەی چاکسازی بەردەوام لەمبارەوە پرۆ فیسۆر ڕۆبەرت باسیل تالیس لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (لە ڕاستیدا دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەوەی فەیلەسوفە سیاسییەکان پێی دەڵێن






بونیادی بنەڕەتی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەو سیاسەت و یاسایانەی ڕۆژانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دادەڕێژرێن. بەلای منەوە دیموکراسیەتی سەرکەوتوو بەردەوام هەوڵی پێداچوونەوە و گۆڕینی سیاسەت و یاساکانی دەدات، بەڵام دەبێت ئەم پێداچونەوە و ڕیفۆرم و چاوخشاندنەوە بە یاسا و سیاسەتانەدا لە چوارچێوەیەکی سەقامگیردا ئەنجام بدرێن، مەبەستم ئەوەیە هەندێ ڕێسای بنەڕەتی هەیە وەك خۆیان بمێننەوە، وەك چەسپاندنی سەروەریی یاسا، ڕەخساندنی ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان، وەك پاراستنی ماف، ئاسایش و ئازادییەکانی تاکەکەس. بۆ نموونە بە چاوپۆشین لەوەی ئێمە چ مشتومڕێك دەکەین لە بارەی سەپاندنی باج، پرسی کۆچ و چاودێری تەندروستیەوە، ئەوا دەبێت هەندێ ماف و ئازادی بنەڕەتی دەستکاری نەکرێن و بپارێزرێن، وەك ئازادی و یەکسانی، سەرەوەریی یاسا، ئازادی ڕادەبڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری.))

ئەوەی پرۆفیسۆر تالیس ئاماژەی پیکرد هەوڵەکانی چاکسازی بوو لە چۆنیەتی راگرتنی پرانسیپە سەرەکیەکان و گۆڕانکاری و هەموارکردنی یاساکان، بەڵام سەبارەت بە رووبەڕووی گەندەڵی پرۆفیسۆر لی دیمتریوس لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان راشکاوانەتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کردو وتی: (دەتوانین بڵێین لە سەدا حەفتا و بگرە لە سەدا نەوەتی دیموکراسی پەیوەستە بە ئەنجامدانی چاکسازیەوە، لەبەر ئەوەی دیموکراسی پەیوەستە بە پرۆسەی حکومڕانیکردنەوە، نەك تەنیا جێبەجێکردنێکی وشکی ڕێساکان، بۆ نموونە ئێمە لە دەستووردا ڕێسای ڕکابەری و ململانێکردنمان هەیە، ڕێسای بەشداری کردنمان هەیە کە ئیلتیزامیان پێوە دەکەین، بەڵام ڕێساکانی ململانێ و بەشداری کردن هەمیشە بابەتی گفتوگۆکردن و مشتمڕ و گۆڕانکارین، کەواتە لە دیموکراسیدا دڵنیایی لە ڕێساکاندا نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەری گۆڕینیان

## رۆبەرت باسیل تالیس بۆ گوڵان:



**دیموکراسیەتی سەرکەوتوو بەردەوام هەوڵی پێداچوونەوە و گۆڕینی سیاسەت و یاساکانی دەدات، بەڵام دەبێت ئەم پێداچوونەوە و ڕیفۆرم و چاوخشاندنەوە بە یاسا و سیاسەتانەدا لە چوارچێوەیەکی سەقامگیردا ئەنجام بدرێن**

هەیە، بەڵام دڵنیایی لە جێبەجێکردن و ئیلتیزامکردن بە ڕێساکانەوە هەیە. کەواتە ئەنجامدانی چاکسازی بەردەوام بەشێکە لە دیموکراسی، هەروەها بنەمایەکی بنەڕەتیە لە دیموکراسی. لە دیموکراسیدا خەڵکی ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە جیاوازن لە یەکتر، بەڵام جیاوازیەکانیان بە شێوەیەکی دیموکراتیانە یەکلادەکەنەوە، جا ئەو یەکلاکردنەوەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسادا بێت، یاخود لە ڕێی گفتوگۆیەکی کراوەی دیموکراتیەوە بێت. بوونی جیاوازی و ناکۆکیەکان بەشێکی دانەبڕاون لە دیموکراسی، بەڵام مەزنی دیموکراس لەوەدایە ئەو ناکۆکیانە بە شێوەیەکی کراوە یەکلادەکاتەوە. کەواتە پرۆسەی چاکسازی و گۆڕین بەشێکی گرنگن لە دیموکراسی. ئەم پرسە بۆ ئێستای عێراق دژوار و سەختە، من پێشتر وەك چاودێرێکی دەرەکی موتابەعەی بارودۆخەکەم دەکرد، نیگەران بووم لەوەی وڵاتەکە بەرەو لێکهەڵوەشانەوە و لێکترازان بڕوات، بەڵام ئێستا هەست دەکەم هەوڵ هەیە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە هێشتا کێشە لە عێراقدا بوونی هەیە، من باوەڕم وایە گیانی نەتەوەیی و بەردەوامی لە عێراقدا بوونی هەیە، هیوادارام ئەوە دەرئەنجامێکی لێبکەوێتەوە کە جێی ڕەزامەندی هەموان بێت و ببێتەهۆی هێنانەئارای دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو لە وڵاتەکەدا. من ئەوە بەدی دەکەم خەڵکی عێراق جگە لە شێوازەکانی دیکە، خۆیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ڕێکخستووە و هەوڵ هەیە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراتی کە بوار بە ململانێ بدات بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن گفتوگۆ لە بارەی ئەو پرسانەوە بکەن کە ڕووبەڕووی دەبنەوە)).

ئەوەی لێرەدا پرۆفیسۆر لی ئاماژەی پێکرد ئەوەیە چاکسازی





خۆی له خۆیدا بەشـێکە لە پرۆسەی دیموکراتـی و لێـی جیانابێتـەوە و پێویسـتە بـۆ ئـەوەی دیموکراتـی سـەرکەتوو بێت، ئەوا دەبێت پرۆسەی چاکسـازی بەردەوام بێت، بەڵام خاتوو سـێری گوڵپن کەراستەوخۆ هاتە سەر بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: ((کێشەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کێشەیەکی ئاڵۆزە. لە ڕاسـتیدا ئەگـەر توانای خەڵك بەباشـی بونیاد نەنرێتەوە، ئەوا ئەرکـی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دووبارە بنیادنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکە قورستر دەبێت. من پێم وایە لەم ڕووەوە دامەزراوەی پەروەردەیی و دەزگاکانی ڕاگەیانـدن پێکهاتـەی گرنگن بۆ شـەڕکردن لەگەڵ گەندەڵیدا، چونکە کارکـردن بـۆ نەهێشـتنی گەندەڵی زەحمەتـە ئەگـەر خەڵکـی وڵاتەکە ئاستێکی نزمی پەروەردە و خوێندەواریان هەبێـت، ئەگەر سـەرچاوەکان لە ژێر کۆنترۆڵی نوخبەی وڵاتەکەدا بن. لە لایەکی دیکەوە مـن پێموایە لە کاتی گفتوگۆکردن بۆ گەیشتن بە گرێبەست لەپێناو پەرەپێدانی سەرچاوەکاندا دەبێت شەریکێکی مەحەلی هەبێت لەناو ئەو کەسانەدا کە گفتوگۆکە ئەنجام دەدەن، هەروەها فشارێکی نێودەوڵەتیش هەیە بۆ ئاشـکراکردن و خسـتنەڕووی ئەو گرێبەستانەی ئەنجام دەدرێن. کەواتە لەم ڕووەوە بوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. دیارترین نموونە لەم ڕووەوە، ئەزموونـی بەرازیلە کە لـەم وڵاتەدا دامـەزراوەی تایبـەت دروسـتکرا بۆ بەشـداری کردنی خەڵك لە پرۆسەی دانانی بودجـەدا، ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی زانیـاری خەڵك دەربارەی داهاتەکان و چۆنیەتی خەرجکردنیان، کـە دەرئەنجامەکەی بریتـی بوو لە زیادبوونـی توانای خەڵـك بۆ ئەوەی داوای کرانەوە بکـەن. کەواتە دەکرێت هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ پەرەپێدانی میکانیزمەکانـی بەشـداریکردن و داواکردنـی کرانـەوە بکەین، ئەمەش پێوستی بە بوونی ئیرادە دەبێت لەلایەن دەسـەڵاتدارانەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بەو بەشداری کردنەی خەڵك بدەن. هەروەها پەرەپێدانی دامەزراوە ڕەسـمیەکان زۆر گرنگە. لـە هەمان کاتدا زۆر گرنگە ئەو یاسـانەی دادەڕێژرێن لە قازانجی بەرەوپێشـچوونی دیموکراسیدابن، وەك یاسـاکانی ڕۆژنامەگەری، یاساکانی پاراسـتنی مافەکانی مـرۆڤ، بە چەشـنێك بەشـداری کردن لە بڕیارە سیاسییەکاندا شتێکی مەحاڵ نەبێت، هەروەها بوونـی ڕاگەیاندنی ئازاد بۆ بەرەوپێشـچوونی ئابووریش گرنگە. لەلایەکـی دیکـەوە زۆر گرنگـە خەڵکی داواکاریەکانیان بەرز بکەنەوە، خواستەکانیان بخەنەڕوو، لەبەر ئەوەی دیموکراسی تەنیا شتێکی میکانیکی نییە، مەبەستم ئەوەیە تەنیا بنیادنانی دامەزراوەکان نییـە، بەڵکو داواکاری خەڵـك و ئیرادەی ئـازادی خەڵکیش گرنگە. کەواتە مەسەلەکە بە تەنیا بە پشتبەستن بە چاکسازی دامەزراوەیی تەواو نابێت، ئەگەرچی چاکسـازی دامەزراوەی پارمەتیـدەرە، بەڵام من باوەڕم وایە دەکرێـت گۆڕانکاری لە کەلتووریشدا ببێتەهۆکارێك بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بتوانن ڕۆڵی خۆیان ئەدا بکـەن، کەواتە کەلتـووری داواکردن گرنگە. لـەم ڕوانگەیەوە من دەڵێم بە دڵنیاییەوە کارکردن و کۆششـکردن بۆ ئەنجامدانی چاکسـازی دامەزراوەیی زۆر گرنگـە، بەڵام ئەو چاکسـازیە دامەزراوەییـە بـە چەشـنێك بێـت ببێتەهۆی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی، واتە نارەزایی دەربڕین ئەگەر چاکسازیە دامەزراوەییەکـە بـە چەشـنێك بوو گفتوگۆی کراوە و گفتوگۆی گشتی لەبارەی پرسە جیاوازەکانەوە سنووردار کـرد، ئەگـەر ئـازادی پەروەردەیی سـنووردارکرد، لەبەر ئـەوەی ئازادی ئەکادیمی زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی دیموکراسی)).

## سینان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بۆ (گوڵان):



# پەیامی چاکسازی سەرۆک
# بنەماکانی پەرەپێدان دەچەسپێنێت

لەچاوپێکەوتنێکی گوڵاندا سینان چەلەپی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی باس لەپەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، پێیوایە ئەم بەرنامەیەی سەرۆك بنەماکانی چاکسازی لەکوردستاندا دەچەسپێنێت، وەك وەزارەتیش لەرێگای لیژنەکانیانەوە چاودێری وردی ئەو گۆڕانکاری و چاکسازییانە دەکەن. هاوکات بەڕێزیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لێپێچینەوە لەهەموو پرۆژەو کارێکدا دەکات کە گومانی گەندەڵی و کەموکوڕی تێدا بێت.

لەم هەرێمەدا زۆر باســی کەموکورتی پیشەســازی و نەبوونی پرۆژەی گەورە و ستراتیژی کراوە، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێشتریش کــە دوو وەزارەت بوون نەیانتوانیوە کەرتی تایبەت لەم ڕووەوە بەرەوپێش بەرن و لە ئاســت خواســت ئومێدەکاندا بــن، هەڵبەتە لەماوەی تەمەنی وەزارەتی بازرگانی و پیشەســازی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند کاروپرۆژەیەك ئەنجامدراوە، بەڵام لەدوای پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردســتان کەبەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی فراوان ئاڕاستەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی کرد، ئەرکێکی قورس کەوتە سەر شــانی حکومەت و وەزارەتە پێوەندارەکانیان، وەزارەتی بازرگانی و پیشەســازی جێبەجێکردنی لایەنێکی گرنگی ئەو پەیامەی سەرۆکی هەرێمی لە سەرشانە.

ســەبارەت بەو هەواڵانەی باس لەگەندەڵی و دزینی گەنم لە سایلۆی مەخموورو ئەگەری پڕکردنەوەی ئەمبارەکان بەگەنمی ژەهراوی دەکرێت و کەموکوڕی لەهەردوو پرۆژەی سایلۆی هەولێرو سلێمانی هەبێ، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی چەندین نهێنی دەخاتەڕوو، ئەوەش ناشارێتەوە لەبەرامبەر ئەو کەموکوڕییانە بەڕێوەبەری سایلۆی مەخموور دوور دەخرێتەوەو لیژنەی یاسایی بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیە دانراوە، پێشی وایە ئەو هەواڵانەی لەچەند ڕۆژنامەیەکەوە بڵاوکراونەتەوە گوایە»گەنمی ســایلۆ مەخمور ژەهراوی کرابێت»دوورن لەڕاســتییەوەو بە وتەی بەڕێزیان گەرئەو ڕۆژنامانە هەواڵەکان پشتڕاست نەکەنەوە، ڕێگای یاسایی لە دژیان دەگیرێتە بەر.

## چاودێری کۆمپانیاکان دەکەین و لێپرسینەوەشیان لەگەڵ دەکرێت

*** یەکێك لەو لایەنانەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامەکەی ئەوڕۆژدا ئاماژەی پێکرد، مەسەلەی چاکسازی بوو کە بەشێکی تایبەتە بە بواری کۆمپانیا و قۆرخکاری و تەندرات، ئەمانەش هەمووی پەیوەندی بە وەزارەتەکانی حکومەتەوە هەیە، پێش ئەوەی باسی ئەو لایەنە بکەیت، چۆن تەماشای پەیامەکەی جەنابی سەرۆکی کوردستان دەکەیت؟**

- پەیامەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرنگترین هەنگاوە کە بنەما سەرەکییەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان دەچەسپێنێت و گەشەکردنی ئابووری دەخاتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە. سیاسەتی چاکسازی کە بەرپرسیان فەرمانیان پێ دەرکردووە، پێویستە ببێتە ڕەوشێکی بەرز لە کارکردن و لە ئەنجامدانی پرۆژە و پلانەکان بە ئاستێکی باشەوە.

سەبارەت بەچاکسازی کەتایبەت بێت بە بواری کۆمپانیاکان و تەندەرات، ئێمە وەك وەزارەت چەندین لیژنەی بەدواداچوونمان هەیە کە چاودێری دامەزراندنی کۆمپانیا دەکەن بەپێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە بۆیان دیاریکراوە، سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەر گۆڕانکارییەك دەکرێت لە بواری کارو زیادەی موساهەمەو سالانە لێپرسینەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکرێت لەسەر پێشکەشکردنی حساباتی مالی، سەبارەت بەبواری تەندەراتیش وەزارەتەکەمان بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندار بەشێوەیەکی شەفاف و مامەڵە دەکەین و ئێمە سوورین لەپێشکەشکردنی بەرزترین ئاستی کار لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت و ڕێنماییەکاندا. گەشەکردنی کەرتی بازرگانیش لەهەرێمەکەدا بە رادەیەکە بۆتە سەنتەرێکی بازرگانی، لەناوچەکەدا شایەتی ئەوە دەدەن کە هەرێمەکە لەڕووی کەرتی بازرگانی و بووژانەوەی ژێرخانەوە هەنگاوی گەورەو باشی ناوە و سەرەکیترین هۆکاری پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و وڵاتانی ناوچەکەو جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بۆ ئەو پێشکەوتن و بووژانەوەیە دەگەڕێتەوە. لەبواری پیشەسازیشدا خۆشبەختانە توانیومانە ٤ ناوچەی پیشەسازی لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك و گەرمیان دروست بکەین و لەدوای تەواوبوونیان کەرتی پیشەسازی بۆ پێشەوە دەچێت، نابێت ئەوەش باس نەکەین کە ژمارەی کارگەکان لەهەرسێ پارێزگاکە ڕووی لە زیادبوون کردووەو ڕۆژانە کارگەی بچووك و مامناوەندی دەکرێتەوەو پرۆژەی گەورەش لەمبوارەدا لەبەردەستدایە.

## بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێری لێپرسینەوە لەهەموو پرۆژەیەك دەکەین

*** ئەو لایەنانەی کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەگرێتەوە هەندێ لایەنی گرنگە، یەکێك لەوانە مەسەلەی قۆرخکاری کۆمپانیاکان و تەندرات و خۆراکی بەسەرچووە، کە دیارە جەنابی سەرۆك هەستی کردووە کە لەو بوارەدا کەموکوڕیی زۆر هەیە، ئێوە چ میکانیزمێکتان بۆ دۆزینەوەی کەموکوڕییەکان و چارەسەرکردنیان داناوە؟**

**لەبەرامبەر هەموو کەموکوڕی و سەرپێچییەکیشدا دەستمان بەلێپێچینەوەی یاسایی کردووە**

- بۆ ئەم لایەنە گرنگانە وەکو لەسەرەتادا ئاماژەم پێ کرد لیژنەی بەدواداچوون لە وەزارەت هەیە، لێپێچینەوە لە هەموو پرۆژەیەك دەکرێت، ئەمەش بۆ نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و ئیدارییە لە وەزارەت و هەموو بەش و لقەکانی، ئەم بەرنامەیەش لە جێبەجێکردندایە وەکو نموونە ئەوەی کە لە سایلۆی مەخمور باس کرا کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا توانیمان بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و دروست و یاساییەوە لێپێچینەوەی لەسەر بکەین و بگەینە خاڵی چارەسەرکردن. زۆر جار باس لەکەموکوڕی بەشەخۆراکی هاووڵاتیان دەکرێت، ئێمەش پێمان وایە کەموکوڕی هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەدەستی حکومەتی عێراقی فیدراڵدایەو لیژنەکانی وەزارەتی بازرگانی عێراق و لیژنەی ئابووری ئەنجومەنی وەزیران لەم مەسەلەیە بەرپرسن، بڕیاریشە بەرنامەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بە مەرکەزی نەبێت و هەر پارێزگایەك خۆی سەرپەرشتی ئەم کارە بکات، ئەوکات خۆمان بەرپرسیارێتی ئەم کارە لە ئەستۆ دەگرین و هەر کەموکورییەکیش هەبێت ئامادەی هەموو ڕەخنەو بەدواداچوونێکین و خزمەتی میللەتەکەی خۆمان دەکەین.

## بەدانانی میکانیزمی گونجاو بۆ ریفۆرم پرۆسەکە خێراتر و زانستی تر دەبێت

*** ئەو کەموکوڕییانە چین کە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا دەکات کە سەر لەنوێ پێداچوونەوەی لەبارەیەوە بکرێت، هەڵبەتە دیارە پێشتر کەموکوڕی هەبووە ؟**

- پێویستە ئەو ڕاستییە بزانرێت مرۆڤ هەر کارێك ئەنجام دەدا بەو پێوەرە گەورەیە بێت کە بووژاندنەوەی ئابووری کە لە هەرێمی کوردستان هەیەتی، بێ کەموکوڕی و گرفت نییە، ئەوەش پێویستی بەچارەسەر هەیە، بەڵام پەیامی سەرۆك بارزانی جگە لەوەی تەئکید لە چارەسەر و دانانی میکانیزمی گونجاو دەکاتەوە پرۆسەکەش خێراتر دەکات.

## بەبێ کۆمپانیاکان پەرەپێدانی ئابووری ڕوونادات

*** لێرەو لەوێ باس لەوە دەکرێت تەنیا وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێبوونە، ئایا ئێوە جگە لە بواری نیشتەجێبوون لە کوردستان هیچ پێناسەیەکی ترتان بۆ وەبەرهێنان هەیە؟**

- لە وەزارەتی ئێمە مۆڵەت بەو کۆمپانیانە دەدرێت کە کارگە دادەمەزرێنن، واتە مۆڵەتی پیشەسازی بۆ کارگەکان، ئەمەش بواری پەرەپێدانی ئابوورییە کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت، بەڵام وەبەرهێنەرانی ئێمە زۆربەی هەرە زۆری ڕوویان لەکەرتی نیشتەجێبوون کردووەو ڕوویان نەکردۆتە بواری پیشەسازی، وەکو پێشتر پێم ڕاگەیاندن خۆشبەختانە ئێستاکە ڕۆژانە مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەی کەرەستەی بیناسازی و پلاستیك و ئاسنگەری و دارتاشی و خۆراکی و ئەلەمنیۆم و. تاد. دەدرێت بەپیشەسازیکاران ئەمەش نیشانەیەکی باشەو دەکرێت کاری زانستیانەو وردتریان لەسەر بکرێت.

## بەهەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان کارو پرۆژەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی پێش دەکەوێت

*** سەرۆك بارزانی ڕاشکاوانە ئاماژە بەوەدەکات؛ کە پێویستە پەرلەمان**





**به یاساكانیدا بكات تاوەكو لە بەرژەوەندی گەلی كوردستان بێت، ئایا پێداچوونەوە بە بارودۆخ و یاساكانی كەرتی تایبەت و بازرگانی و پیشەسازی دەكرێت؟**

- پێویستە یاساكانی هەرێم دووبارە چاوخشاندنەوەو پێداچوونەوەی وردو زانستی بۆ بكرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ بووژانەوەو پێشكەوتنی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان بگونجێت، بۆ نموونە بە یاسای پەرەپێدانی پیشەسازی كە لە كاتی رژێمی بەعس دانراوە، لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان كە ئێستا لە هەرێمی كوردستان دانراوە ناگونجێت، بەهەمواركردنی ئەم یاسایە كار و پرۆژەكانی وەزارەتی پیشەسازی تەكانێكی باش و گەورە و سەركەوتوو بەخۆیەوە دەدات.

**لە هەرسێ سایلۆی هەولێر و سلێمانی و مەخمور گرفت و كێشە هەیە**

***لە سایلۆكانی هەولێر و سلێمانی و مەخمور گرفت و كێشە هەیە، ئەم گرفتانە بەچی گەیشتون، ئایا چارەسەركراون؟**

- هەر سێ سایلۆی هەولێر و سلێمانی و مەخمور هەندێ كێشەو گرفتیان هەیە كە لێرەدا بە پێویستی دەزانم گرفتی هەر یەكە لەسایلۆكان بخەمەڕوو.

سایلۆی هەولێر كە ئیحالە و گرێبەست كراوە لە كاتی من نەبووە، ئەو گرێبەستە بە چ شێوە و میكانیزمێك بووە من هیچ ئاگادار نیم و ناتوانم قسەشی لەسەر بكەم، بەڵام ئەو گرێبەستەی كەكرا بەداخەوە گیروگرفتێكی زۆری تێدایە، كێشەكەش ئەوەیە كە پرۆژەكە ئیحالەی كۆمپانیای مۆلۆمێكس كرا ئەو كۆمپانیایەش ئیتاڵییە تەنیا سایلۆ مەعدەنیەكە دروست دەكات وەكو سایلۆی كۆنكرێتی نییە، چونكە سایلۆی كۆنكرێتی بناغەكەیی و هەر هەمووی بەكۆنكرێتەو دەتوانرێت یەك كۆمپانیا ئەنجامی بدات و كارەكەش بە یەكجار دەكرێت، لەبەر ئەوەی قاڵبەكە لە بناغەوە دەست پێدەكات تا دەگاتە كۆتایی، چونكە قاڵبەكە لەجوولەدایەو لە ژێرەوە تا دەگاتە سەرەوە، بەڵام كە تەكنەلۆژیا پێشكەوت بڕیار درا سایلۆ سەرەكییەكە بەكۆنكرێت بێت و ئەوی تر لە سایلۆكە مەعدەنی بێت، ئەمەش كۆمپانیای تایبەتمەندی پێویستە، تێچووی ئەمجۆرە

**یاسای پەرەپێدانی پیشەسازی كە لە كاتی رژێمی بەعس دانراوە، لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان كە ئێستا لە هەرێمی كوردستان دانراوە ناگونجێت**

سایلۆیانە دەگۆڕێت، چونكە لە (٣٠٪) تا لە(٤٠٪) ی بۆ سایلۆ مەعدەنییەكەیەو (٥٠٪) تا لە(٦٠٪)ی بۆ ئەساسەكەیە، بۆیە دەبێ كۆمپانیایەكی باشی خاوەن ئەزموون و ڕاست هەبێت كە ئەساسی سایلۆكەت بۆ بكات، دەنا كۆمپانیاكەی سایلۆ مەعدەنیەكە دروست دەكات ناتوانێ كاری خۆی بە تەواوی بكات، هەروەكو ئێستا كە لە سایلۆی هەولێر روویداوە، چونكە كۆمپانیاكەی خۆمان ئەساسەكەی تەواونەكردووە، ئەوە كۆمپانیای مۆلۆمێكس كە ئیحالەشی بۆ كراوە ناتوانێ كار بكات و لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە، لێرەدا هۆكاری كارنەكردن و دواكەوتنی كارەكانی كۆمپانیای مۆلۆمێكس دەگەڕێتەوە بۆ كۆمپانیا خۆماڵییەكەی خۆمان، بێگومان تا ئەو كەموكوڕییە هەبێت ئەوە كێشەو گرفتی ئێمە لەمبارەوە تەواو نابێت، ماوەیەكە كۆمپانیاكەمان بە فەرمی ئاگادار كردۆتەوەو لیژنەیەكمان پێكهێناوە لەپاشان لەگەڵیان دانیشتین بۆ ئەوەی گرفتەكان چارەسەربكرێت و كارەكە ئەنجام بدرێت، چونكە ئەم پرۆژەیە لە بەرژەوەندی گشتیدایە و چەند ماددەیەكمان بۆیان دانا كە دەبێ ئەوانە جێبەجێ بكەن.

سەبارەت بەگرفتی سایلۆی سلێمانیش كەلەبنەڕەتدا سێ پرۆژەیە یەكێكیان سایلۆ كۆنەكەیە كە تازە و نۆژەن بكرێتەوەو دووەم سایلۆیەكی (٤٠) هەزار تەنی ستیل دروست بكرێت، پرۆژەی سێیەمیش ئەمبارێك دروست بكرێت، ئێمە وەكو ئەندازیارو چەند كەسێكی تر سەردانی سایلۆی كۆنی سلێمانیمان كرد كە لە سالآنی (١٩٧٠) دروستكراوە ئەوكات لە دەرەوەی شار بووە، بەڵام ئێستا كەوتۆتە ناو شارەوە، ئەمەش وەكو سایلۆی هەولێر لە كاتی وەرگرتنی گەنم و جۆ قەرەباڵغی و گرفت دروست دەكات، بەپێی ماستەرپلانیش نابێ سایلۆ لەناو شار بێت، گرێبەستی سایلۆی سلێمانی تەنیا گرێبەستەكە(١٥٠)لاپەڕە دەبوو، لەگەڵ وەرگیران و مەرجەكانی بەڵێندەر نزیكەی(٤٥٠)لاپەڕە دەبوو ئەوپرۆژەیەمان راگەیاندو بانگەوازی بۆ كرا،(٢٩) كۆمپانیا هاتن لە پاشان(٩) كۆمپانیا هەڵبژێردرا، لەم(٩) كۆمپانیایەش لەپاشان(٦) كۆمپانیا مایەوە، لەمەش لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە (٣) كۆمپانیا مانەوەو چوونە قۆناغی دووەمەوە، لەم كاتەشدا كێ كەمترین نرخ و ماوەبێت ئەو





وەردەگیرێت، لەبەر ئــەوەی لەبەرژەوەندی گشـــتیدایە، یەکێك لـــە کۆمپانیاکان کە ماوەی (٣١٥) رۆژی دانابوو ماوەکەی لە هەردووەکەی تر کەمتر بـــوو درا بەو، ئەو کۆمپانیایەش(نۆرۆل)ە، کۆمپانیای نۆرۆل کۆمپانیایەکـــی زۆر گەورەو بەئەزموونە و ئیمکانیاتـــی بەرز و زۆریـــان هەیە وئەوان نـــۆرۆل لەگەڵ کۆمپانیـــای مۆلۆمێکس رێکەوتون کە ئەوان تەجهیزی کەرەســـتەیان بۆ بکەن. سەبارەت بەسایلۆی مەخموریش کاتێـــك زانیاریمـــان بۆ هات کە کێشـــە و گرفت هەیـــە، لیژنەیەکـــی بەدواداچوون دانرابـــوو، چووبوونە مەخمـــوور و بڕیاری خۆیان دابوو، بەڵام من یەکســـەر بڕیاری لیژنەیەکی لێپێچینەوەمدا، ئەوەی لەم کێشە و گرفتەدابوون لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراو لە سایلۆکە دوورخرانەوە.

پاشان لەسەر داوای پارێزگاری هەولێر کە سەرۆکی یەکەی ئیدارییە بەڕێوەبەرێکی تر بۆ سایلۆی مەخمور دانرا، باس و خواسی وابڵاوبـــووەوە گوایە(٨٠٠) تـــەن گەنم لە ســـایلۆی مەخموور دزراوە(٢٠١١/٤/١٢) ئەو لیژنەیـــەی لـــە وەزارەت پێکهێنرابوو ســـەردانی ســـایلۆی مەخمورمـــان کرد بەدواداچوونی ورد و تێرو تەســـەلمان کردو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە دزی نەکراوە، بەڵکـــو کەمتەرخەمیـــی لەجێبەجێکردنی ڕێنماییـــە ناوەندییەکانی کە لـــە بەغداوە دەرچووە هەبووە، هەر بۆیە بەدواداچوونمان کرد کە ئایا چەند گەنم لەسایلۆکە هەبووە، لە ٢٠١١/٣/٢٩ کۆی گشـــتی گەنم لەناو ســـایلۆکە (٩٠٠) تەن بووە، ٢٠١١/٣/٣٠ بڕی(٣٦٠) تەن گەنم بە ئاشـــەکان دراوەو ئـــەوەی لە ناو ســـایلۆ ماوەتـــەوە(٥٤٠) تەنە، ئەدی چـــۆن(٨٠٠) تەن دزراوە، ئەو زانیاریانـــەی لەڕۆژنامـــەکان بڵاوکرانەوە دوورن لە ڕاســـتی یان بـــەو جۆرە نییە کە ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو کەمتەخەرمییەکە لەوەدایە لەکاتی گواســـتنەوەی گەنمەکە بۆ ناو ســـایلۆ موستەنەدیان پێی نەکردووە، هەروەها کارمەندان و فەرمانبەرانی سایلۆ گەنمەکەیـــان نەکێشـــاوە، لەکاتێکدا هەر جووڵەیەك بە گەنمەکە بکرێت دەبێ بکێشرێت و موســـتەنەدی پێ بکرێتـــەوە، ئەوەی لە

**سایلۆی هەولێر کە ئیحالە و گرێبەست کراوە لە کاتی من نەبووە، ئەو گرێبەستە بە چ شێوە و میکانیزمێك بووە من هیچ ئاگادار نیم و ناتوانم قسەشی لەسەر بکەم، بەداخەوە گیروگرفتێکی زۆری تێدایە**

هەندێك ڕۆژنامە بڵاوکراوەتەوە ئەگەر بابەتە بڵاوکراوەکەیان پشـــت ڕاست نەکەنەوە ئەوە ئێمە ڕێگای یاسایی بەرامبەریان دەگرینە بـــەر، چونکە کە دەڵێـــن کۆمەڵکوژ، ئەوە ماوەی چوار مانگە لەوەتەی هەواڵەکەیان بڵاوکردۆتـــەوە نەمان بیســـتووە یەکێك بەو گەنمەی ســـایلۆی مەخمور بمرێت، ئەمە جگە لەوەی لەکاتی هێنانەدەرەوەی گەنمەکە بۆ ئاشەکان پشکنینی بۆ دەکرێتەوە، کەواتە ئەم هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە کە گەنمی سایلۆ مەخمور ژەهراوی کرابێت.

*** زۆر لە قەزاکانی کوردســـتان کێشەی نەبوونی سایلۆیان لەسنوورەکانیان هەیە ئایا لەمبارەیەوە چی کراوە؟**

- بۆ ســـایلۆ ئێمە لەمبـــارەوە پێوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی کشـــتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەیە ئەوان دەستنیشانی ئەوەی دەکەن کە سایلۆ پێویستە یان نا، ئەوەی لەلایەن وەزارەتی کشـــتوکاڵ داواکـــراوە ئێمە وەکـــو وەزارەتی پیشەســـازی و بازرگانـــی لەبەرنامەوپلانی خۆمان دامانـــاوەو، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بودجەیـــان بۆ تەرخـــان بکرێـــت، ئێمە وەکو وەزارەت هەنـــدێ پارچـــەزەوی و شـــوێنمان لەناو شـــارەکان هەیەو ئێستاکە کەوتونەتە ناو ماستەرپلانەوە،بۆیە ناتوانین کارگەی لەسەر دابنێین، بەڵام وتومانـــە ئەم زەوییانە دەدرێت بەکێ و بۆچی بەمەرجێـــك قبوڵمانە لەبری هەر پارچە زەوییەکـــی لەمانە کە دەدرێ بە وەبەرهێنێك ئەوە ئەو کەسە سایلۆیەکی لە(٢٠ هەزار تا ٤٠ هەزار) تەنی دروســـت بکاتەوە لەو شوێنەی کەپێویستە، ئەم قسەیەش لەلایەن دەســـتەی وەبەرهێنانەوە باش بـــوو، بەڵام تا ئێستا تەنیا قسەیەو نەبۆتە بڕیار، ئەگەر بێتوو ئەم ســـایلۆیانە دروست بکرێت ئەوە ئاسایشی خۆراکی کوردســـتان (٥٠٪) تأمین دەبێت، چونکە کوردستان بە بڕی یەك ملیۆن تەن گەنم تأمین دەبێت، ئێستاکە زیاتر لە (٢٥٠)هەزار تەنی مسۆگەر هەیە، بەتەواوبوونی سایلۆی هەولێر و ســـلێمانی ڕێژەکـــە دەگاتە(٣٠٠) هەزارتەن و بەپێی ئەو بەرنامەیەی داماننـاوە کاروپـــرۆژە بکرێت ئەوە ئاسایشـــی خۆراکی کوردستان دەگاتە (٤٠٠ تا ٤٥٠) هەزارتەن، لەدنیـــای هاوچەرخدا یەك تا دوو ســـایلۆی گەورە هەیەو چەندین سایلۆی بچووکیش هەن بە قەبارەی (١٠- ٢٠) هەزار تەنی، پێویستە ئەم شێوازو سیستەمە لە کوردستانیش ئەنجام بدرێت کە هاوکارییەکی باشـــە بۆ جووتیار و بۆ پاراســـتنی گەنجینەکەش،بۆیە ئەمساڵ داوای(٥) سایلۆکراوە تا دروست بکرێت.


U.S.
HARRISON

# پرۆسەی سیاسیی عێراق و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا





حاکم زاملی

پەرلەمانتاری رەوتی سەدر بۆ گوڵان:

# پێش دروستکردنەوەی سوپای مەهدی رێگە چارەی دیکەمان هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا

پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا ئێستاشی لەگەڵدابێت بە قۆناغێکی هەستیار و پێکنەگەیشتنی لەکۆمەڵێك مەسەلەی هەستیاردا پێوە دیارە، راستە وا بۆ نزیکەی زیاتر لە ٦ مانگ دەچێت حکومەتی عێراق پێکهاتووە، بەڵام هەتا ئێستاش چەندین مەسەلەی گرنگ وەك یەکلاییکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان و هەفتەی رابردوو جارێکی دیکە دەنگدان لەسەر کاندیدی پۆستە ئەمنییەکان دواخرا بۆ ئەم هەفتەیە و وەك سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رۆژی پێنج شەممەی رابردوو رایگەیاند سەرۆکی کوتلە پەرلەمانییەکان نەیانتوانیوە بگەنە هیچ رێککەوتنێك لەسەر کاندیدکراوەکان. لە هەمانکاتدا سەبارەت بەدەنگدانیش لەسەر کاندیدەکانی جێگری سەرۆك کۆمار، بەڵام دیسان لایەنە سەرەکییەکان رەخنە لەو دەنگدانە دەگرن، ئەمەش هەمووی نیشانەی ئەوەیە کە لەنێوان لایەنە سەرەکییەکانی نێو پەرلەمانی عێراقدا هەتا ئێستاش ئاستی ناکۆکییەکان بەو ئاستەن کە نەتوانن لەسەر چەندین مەسەلەی گرنگ بگەنە رێککەوتنێك، لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیریش لە عێراقدا وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین باری سەقامگیری لەپێشان باشترە، بەڵام دیسان ئەم سەقامگیرییەش بەو ئاستە نییە کە بتوانرێت پێی بگوترێت سەقامگیری تەواو یان باری ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا چەسپیووە، بەردەوام هەڕەشەی کاری توندوتیژی و کاری تیرۆریستی لەئارادایە، لەمبارەوە چاودێرانی سەربازی و ئاسایش باس لەوە دەکەن کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم بارودۆخەدا کە هێزەکانی عێراق بە بوونی زیاتر لە ٤٦ هەزار سەربازی ئەمریکی هەتا ئێستا نەیانتوانیبێت بارودۆخەکە کۆنترۆل بکەن، ئەوا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا ئەرکێکی زۆر قورس دەکەوێتە سەر هێزە سەربازیی و ئاسایشەکانی عێراق و لەوانەیە نەتوانن بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن و بەمەش زەمینەیەك بۆ تیرۆریستان دروست دەبێت، یان بە دیوێکی دیکەدا کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان بگاتە ئەو ئاستەی نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن و ئەمەش ببێتە هۆکاری ئەوەی جڵەوی بارودۆخەکە لەدەست دەربچێت و نەتوانرێت بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت، لای خۆیەوە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ئێستا هەستی بە مەترسی جیاوازی و ناکۆکی لەسەر پرسی مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کردووە، بۆیە هەفتەی رابردوو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند کە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا مەسەلەیەکی نیشتمانی-یە و پێویستی بە دیالۆگێکی نیشتمانی لەنێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، بۆ ئەمەش

**سەردانی بەرپرسەکانی ئەمریکا بۆ عێراق رووی لە زیادبوون کردووە کە مەبەستەکەیان بریتییە لە فشارخستنە سەر حکومەتی عێراقی و قەوارە سیاسییەکان بۆ درێژەدان بە مانەوەیان لە عێراق**


داوای کردووە لە کۆتایی ئەم مانگە هەموو لایەنەکان کۆببنەوە بۆ ئەوەی لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا رێکبکەون، لەمبارەوە مالیکی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاندووە:(لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکاندا دانیشتن دەکەین سەبارەت بەمانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، ئەگەر گەیشتینە رێککەوتنێك لەسەر مانەوەی هێزەکان، ئەوا باسی ژمارە و ئەو شوێنەشی لێی جێگر دەبێت دەکەین، هەروەها ئەم وتووێژە بواری ئەوەشی تێدایە کە رەتی بکاتەوە کە هێزەکان چیتر لەعێراقدا بمێننەوە، لەم حاڵەتەشدا دواکارییەکە پێشکەشی پەرلەمانی عێراق دەکەین بۆ ئەوەی رێوشوێنی پێویستی لەبارەوە بگرنە بەر)).

### رەوتی سەدر هەڕەشە لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا دەکات

رەوتی سەدر دوای هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی ئەلعراقیە و هاوپەیمانی کوردستانی، چوارەمین هێزە کە زۆرترین ژمارەی کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی دیکەش سەیری بکەین بەوەی بەتەنیا **٣٩** کورسی پەرلەمانی هەیە، ئەوا ئەگەر یەکەمین هێزی سیاسیی نەبێت لە عێراقدا، ئەوە دووەمین هیزی سیاسییە دوای حزبەکەی سەرۆك وەزیران کە حزبی دەعوای عێراقی-یە، بۆیە هەڵوێستی رەوتی سەدر نەك لەمەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە گرنگ و بایەخ سەیر دەکرێت، بەڵکو لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەت و هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی دووەمی سەرۆك وەزیران هەڵوێستێکی یەکلاییکەرەوە بووە و رەوتی سەدر توانی لەماوەیەکی پێوانەییدا هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق بکاتە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی و لەناو هاوپەیمانییەکەشدا مەسەلە بۆ بەرژەوەندی مالیکی یەکلاییبکاتەوە، ئەوجا دواتر هەموو کوتلە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتنە ئەوەی بگەنە رێککەوتن و حکومەت

پێکبهێنن، هەربۆیە لەم حاڵەتەشدا کە هەر لەئێستاوە رەوتی سەدر لەسەر زاری موقتەدا سەدرەوە سەرۆکی ئەو رەوتە دژایەتی خۆی بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پیشانداوە، لەمەش زیاتر بەرنامەی خۆشی راگەیاندووە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا نەکشێنەوە ئەوا رێگەچارەی دیکەیان هەیە و پەنای بۆ دەبەن.

سەبارەت بە هەڵوێستی رەوتی سەدر لەبەرامبەر کشانەوە یان مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پەرلەمانتاری تەیاری سەدر لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هەڵوێستی رەوتی سەدری خستەڕوو وتی: (لەڕاستیدا، رەوتی سەدر هەڵوێستێکی روون و ئاشکرای سەبارەت بە هێزەکانی ئەمریکا هەیە و بەهێزێکی داگیرکاری دەزانین، هەربۆیە ئێمە لەسەرەتاوە نارازی بووین لەسەر رێککەوتنە ئەمنییەکە و هەموومان دەزانین کە هێزەکانی داگیرکەر و ئەمریکا راستگۆ و جددی نین لە بەڵێننامە و رێککەوتننامەکانیان، ئەمڕۆش هەست دەکەین سەردانی بەرپرسەکانی ئەمریکا بۆ عێراق رووی لە زیادبوون کردووە کە مەبەستەکەیان بریتییە لە فشارخستنە سەر حکومەتی عێراقی و قەوارە سیاسییەکان بۆ درێژەدان بە مانەوەیان لە عێراق، بەڵام هەڵوێستی رەوتی سەدری لەم بارەیەوە ئاشکرایە، ئێمە لەدژی درێژەدانین بە مانەوەی هێزەکانی داگیرکەر و هەستدەکەین زۆربەی کێشە و گرفتەکانی وڵات هێزەکانی داگیرکەری لەپشتەوەیە و تەنانەت کێشە و رووداوەکانی ئەم دواییانەش لە خڕوقاتی ئەمنی و خڕوقات لە بەندیخانەکان و وێڕای چەندین لایەن و رووداوی تر کە دەستی شاراوەی لە پشتەوە هەبوو، پێموایە دەستی هێزەکانی داگیرکەر لەپشتی ئەو رووداوانە هەبووە، بۆئەوەی بڵێین: ئێمە پێویستیمان بە هێزەکانی ئەمریکا هەیە لەبەرئەوەی بارودۆخەکان ناسەقامگیر و نائارامە و دامەزراوەی سەربازی ئامادە نییە، ئەمڕۆ دامەزراوەی سەربازی تاڕادەیەك باشە، راستە دۆسیەی ئەمنی



**د.شاكر كتاب**

**پەرلەمانتاری ئەلعراقیە بۆ گوڵان:**

## مەسەلەی مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مەسەلەیەکی ئاڵۆزە لەبەر ئەوەی کشانەوەی هەر کێشەیەو مانەوەشیان هەر کێشەیە

خڕوقاتی تێکەوتووە، بەڵام مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستی هەیە یان ببێتە پاساوێك یان ئامرازێك بۆ مانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەی و سەبارەت بەوەی ناوەندە سەربازییەکانی عێراق لە هۆیەکانی راگەیاندنەوە ئاماژەی پێدەکەن کە هێزەکانی سوپای عێراق هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن بەرپرسیاریەتی قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەستۆ بگرن، زاملی بە گوڵانی راگەیاند:(یەکەمین شت، دامەزراوەی سەربازی دامەزراوەیەکی باشە، لەبارەی خڕوقات، بەڵێ خڕوقات هەیە، لەڕووی چەکەوە، بەڵێ کەموکورتی هەیە، بەڵام ناشێ ئەمە بکرێت بە پاساوێك بۆ

**پێویستە هێزە سەربازییەکان و هێزە ئەمنییەکانی عێراق دروشمەکانی «نا بۆ تایفەگەری و نا بۆ پارتە سیاسییەکان» بەرزبکەنەوە**

درێژەدان بە داگیرکاری، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و مانەوەی هێزی داگیرکەر درێژەبکێشێت، ئەوە هیچ دەرفەتێك نامێنێت بۆ بونیادنانی دامەزراوەی سەربازی لە وڵات. بێگومان هێزی داگیرکەر خاوەن ئەجێندا و بەرنامەی تایبەتە و بەرژەوەندیی تایبەتی لە عێراق هەیە، بۆیە لەکۆتاییدا هەر دەبێت هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە و بونیادنانەوەی عێراق لەسەر دەستی رۆڵەکانی دەبێت، نەك هێزێکی دەرەکی)).

سەبارەت بە لێدوانەکانی موقتەدا سەدریش کە ئاماژەی بەوەکردووە هێزەکانی سوپای مەهدی جارێکی دیکە چەکدار دەکەنەوەو ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە مەترسییەك بۆ دووبارە دروستبوونەوەی شەڕێکی دیکە لەعێراقدا، زاملی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەڕەشانە بەمجۆرە پێی راگەیاندین: (پێش هەموو شتێك، ئێمە چەندین رێگەچارەمان هەیە، داگرتنی سوپای «مەهدی» بۆ سەر شەقامەکان تاکە رێگەچارەمان نییە، لەبەرئەوەی خۆپیشاندان هەیە لەگەڵ پرۆتستۆ و مانگرتن، ئەمانە هەموویان رێگەچارەن بۆ رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر. پاشان ئەگەر هات و هیچ رێگەچارەیەکمان نەدۆزییەوە بۆ دەرکردنی داگیرکەر، ئەوکات بێگومان پەنا دەبەینە بەر بەرگریی سەربازی، لەبەرئەوەی ئێمە تاکو ئەمڕۆش خاوەن هێزێکی چەکدارین و هەمیشە لەدژی هێزی داگیرکەرین، بەڵام بۆ حاڵی حازر سوپای «مەهدی» لە باری سڕبوونە و هیچ نییەتێکمان نییە بۆ ئەنجامدانی هیچ رەفتارێکی سەربازی، تەنیا ئەگەر بارودۆخەکە نەیخوازێت و نەگاتە ئەو بارە، بەڵام جارێ هیچ شتێك لەو جۆرە بابەتانە نییە و هیچ مەبەستێکمان نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە رەفتارانە).

بەپێی لێدوانەکانی د.ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە کە دوای لێدوانەکە مالیکی کە داوایکردووە لایەنە سەرەکییەکانی عێراق کۆببنەوە بۆ ئەوەی وتووێژ لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکەن و بەوەی ئەو

داوایە داوای لیستی ئەلعراقیە و ئەوان داوایان لەمالیکی کردووە ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لیستی ئەلعراقیە لایەنگیری ئەوەیە کە ئێستا زووە بیر لەوە بکرێتەوە بڕیار لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بدرێت، بەتایبەتیش کەلەم کاتەدا ڕەوتی سەدر پێداگیری لەسەر کشانەوەی تەواوی دەکات، بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر هەڵوێستی لیستی ئەلعراقیە، د.شاکر کتاب کە یەکێکە لەسەرکردەکانی لیستی ئەلعراقیە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن: (لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە – کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا- مایەی «ئیحراجبوونێکی» گەورەیە، لەبەرئەوەی ئێمە لەلایەکەوە پشتگیری لە «سیادە»ی نیشتمانی دەکەین و لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەوەین کە هێزەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی لە عێراق دەرچێت و وڵاتمان لە دواهەمین سەربازی ئەمریکی ئازادبێت. لایەنێکی تر کە پێویستە کاری لەسەربکەین ئەوەیە کە پێویستە کاربکەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هێزە سەربازییەکانی عێراق و ئامادەکردنیان، بەتایبەتی بۆئەوەی کارمان بە هێزەکانی ئەمریکا نەمێنێت. لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام ئێمە هێشتا سوورین لەسەر بڕیاڕی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بەتەواوەتی )).

قسەکانی د.شاکر کتاب بەوەی هێشتا سوورین لەسەر کشانەوەی هێزەکان، مانای ئەوەیە ئەوە بڕیارێکی پێش ئێستایە و بواری ئەوە هەیە کە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆیە پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا چ مەترسییەکتان لەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا د.شاکر کەتاب بە گوڵانی ڕاگەیاند: (با شتێکتان پێ بڵێم، ماوەیەکی درێژە کێشە و گرفت لەعێراق هەیە، بەڵام ئایا هەبوونی کێشە و گرفت مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا بە مانەوەی ئەمریکا چارەسەردەکرێت؟ کێشە و گرفتی نیشتمانی و ناوخۆیی و نەتەوەییمان لە عێراق، تەنانەت هەرچەندیش گەورە



د.فوئاد مەعسوم

سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ گوڵان:

**ئێمە لاریمان نییە لەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە وتووێژ و دانوستان و ڕێککەوتن هەیە لەنێوان لایەنە جیاوازەکان**

و ئاڵۆز بێت، ئەوە تەنیا لەلایەن هێزی بیانی-ـەوە چارەسەر دەکرێت؟ ئەگەر وابێت ئەوە لەئاییندەدا هەندێك لە قەوارە سیاسییەکان دێن و دەڵێن کێشە و گرفتمان هەیە و پێویستە لەلایەن ئێران-ـەوە چارەسەر بکرێت، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئێران، لایەنێکی تریش هەڵدەستێت و دەڵێت هێزی تورکی دێنم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لایەنی چوارەم-یش داوای هاوکاری عەرەبستانی سعودیە دەکات. بۆیە لەئاکامدا هێزی ئێران دەستێوەردان دەکات و لەلایەکەوە هێزی تورکی دێت و هێزی سعودی و لەکۆتاییدا عێراق، نازانم بڵێم دەبێت بەچی، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە ترسی ئێمە دوای کشانەوەی هێزەکانی


**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکان پێویستە هەموو لایەنەکانی هەڵبسەنگێنرێت**

ئەمریکا، ترسمانە لە یەکپارچەیی عێراق، لەبەرئەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق پێویستە هێزێکی عێراقی بێت، مەبەستم ئەوەیە کە پێویستە هێزێکی نیشتمانی بێت و لایەنگری هیچ لایەنێك نەکات لەدژی لایەنێکی تر و پشتگیری لە تایفەیەك یان پارتێك یان نەتەوەیەکی دیاریکراو نەکات لەدژی تایفە و پارت و نەتەوەکانی تر، بەڵکو هێزێکی عێراقی ڕەها بێت، هێزێکی عێراقی نیشتمانی بەشێوەیەك کە ملکەچی یاسا و دەستوور بێت، ئەگەریش هات و «پەلێك»ی سەربازی سەرپێچی کرد و لە ڕێچکەکە دەرچوو، ئەوکات یاسا و دەستوور سزای بدات. بۆیە پێویستە هێزە سەربازییەکان و هێزە ئەمنییەکانی عێراق دروشمەکانی «نا بۆ تایفەگەری و نا بۆ پارتە سیاسییەکان» بەرزبکەنەوە، ئەویش لەپێناو پاراستنی هەستی نیشتمانی و ئینتیمای نیشتمانیی گشتی )).

کەواتە ئەو قسانە دەریدەخات کە بۆ ئێستا کە بیانووی ئەوە هەیە هێزەکانی سوپای عێراق تەواو نەبوون و پێویستیان بەوە هەیە خۆیان تەواو بکەن، لایەنەکانی ئەلعراقیە و هەروەها سەرۆکی لیستەکەش د.عەلاوی لەگەڵ ئەوەدان هێشتا پێویستی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ماوە، بۆیە پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا وەك لیستی ئەلعراقییە چۆن هەڵوێستی ڕەوتی سەدر دەخوێننەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پێی وتین: (لەڕووی پرەنسیپ و پراکتیکەوە ئێمە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نین کە چەك لە دەستی هیچ لایەنێك بێت، جگە لە لایەنە حکومییەکانەوە نەبێت: تەنیا بەرگری و ناوخۆ، بەڵام چەك بۆ بەرگری و ناوخۆ تەنیا بەو مەرجە دەبێت کە دامەزراوەی نیشتمانی و خاوەن ئاڕاستەی نیشتمانی بن و دووربن لە چەمکەکانی تایفەگەری و ڕەگەزپەرستی. ڕاستە کە ئەم مەسەلەیە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام پرەنسیپەکە ڕوون و ئاشکرایە کە ئەویش بریتییە لە قەدەغەکردنی چەك تەنانەت لەسەر هاووڵاتیان-یش، بەشێوەیەك کە هەموو هاووڵاتییەك و هەموو لایەنێك

هەڵگرتنی چەکی لەسەر قەدەغەبکرێت و ئەرکی پاراستنی هاووڵاتیان و وڵات و بەرژەوەندییەکان بکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، ئەویش لەبەرئەوەی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی وڵات بەرپرسیارەتیی دەوڵەتە. هەڵبەتە ئەم شتەش مەرجی هەیە، لەزمنی مەرجەکان بەرزکردنەوەی ئامادەباشیی هێزە ئەمنییەکان و هێزە سەربازییەکانی عێراق، دووەم: بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی، سێیەم: پێویستە نیشتمانی بێت، دوور لە تایفەگەری و رەگەزپەرستی. ئەم مەرجانە مایەی نەهێشتنی هەڵگرتنی چەکە لەلایەن هەموانەوە، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە راستییەک بکەم ئەویش ئەوەیە، ئەمریکا هەموو رێگەچارەیەك بەکاردێنێت بۆ درێژپێدان بە مانەوەی هێزەکانی لە عێراق. لێرەشدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم، دوو ئاراستە هەیە لە ئیدارەی ئەمریکی سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکان، ئاراستەیەك پێی باشە بەزووترین کات و لەکاتی دیاریکراو هێزەکان بکشێنەوە لە عێراق و کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنن، لەکاتێکدا ئاراستەی دووەم لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق. ئاراستەی یەکەم پێیانوایە کە زەرەر و زیانەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەرووی سەربازی و ئابوورییەوە، یەکسانە لەگەڵ زەرەر و زیانەکانی هەموو وڵاتانی ئەورووپا لە جەنگی جیهانیی دووەم، زەرەرێکی زۆری پێ کەوتووە و بۆیەش پێویستە بکشێتەوە لە عێراق. ئاراستەی دووەم پێیانوایە کە بەپێی داواکاریی حکومەتی عێراقی بمێننەوە، بەواتای برەکانی تێچوونی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکەوێتە سەر ئەستۆی عێراق. قەیرانەکەش لێرەدایە، کشانەوەیان کێشەیە و مانەوەشیان هەر کێشەیە).

دۆستانی کورد پێمان دەڵێن کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ کورد زیانی هەیە، لانی کەم هەتا کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەگشتی و کێشەی کەرکوک چارەسەردەکرێت، بۆیە لەم روانگەیەوە لەگەڵ ئەوەی جارێ زووە کورد هەڵوێستی یەکلاییکەرەوەی خۆی رابگەیەنێت، بەڵام ئاراستەکان بەو جۆرەیە کورد لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە بۆ ئەوەی کێشەکان بەرێگە چارەی ئاشتیانە و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکرێن، هەفتەی رابردوو مایکل گەنتەر بۆ گوڵان لەم قۆناغە هەستیارە ئاگاداری کردینەوە، دۆستێکی دیکەی کوردیش لە رۆژی ٦ی ئایاری ٢٠١١ و لە میدل ئیست فۆرین پۆلیسی وتارێکی بەناوی (وتوێژەکانی کەرکوک) بڵاوکردۆتەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەوانەیە بۆشاییەکی ئاسایش لە کەرکوک دروست بێت، بەهەرحاڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکان پێویستە هەموو لایەنەکانی هەڵبسەنگێنرێت، لەسەر ئەم پرسە بەڕێز فوئاد مەعسوم سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئێمە لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نین و هاوکات لاریمان نییە لە مانەوەیان لە عێراق، بەڵام بێگومان پێویستە قەوارە سیاسییەکان لەنێوان خۆیاندا بگەنە تەوافوقێك لەپێناو وەرگرتنی هەڵوێستێك کە لەبەرژەوەندیی گەلی عێراقی بێت. ئێمە خۆمان لاریمان نییە لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە وتوێژ و دانوستان و رێککەوتن هەیە لەنێوان لایەنە جیاوازەکان، بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێك بەرژەوەندییەکانی عێراق بەگشتی رەچاوبکەین. سەبارەت بە پێویستی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش بێگومان هەموو لایەك ئەو راستییە دەزانن، ئێمە تاکو ئەمرۆش ناتوانین پشت ببەستین بە هێزەکانمان، هێزی ئاسمانی و دەریاوانی و هێزەکانی تر بەتایبەتی هێزە ئەمنییەکان کە هێشتا پێویستیی بە ئەزموون و لێهاتوویی زیاتر هەیە، بەتایبەتی پاش رووداوەکانی بەندیخانەکە کە بووە هۆی کوشتنی «فەرماندە»کە و چەندین کەسایەتیی تر، ئەمانە بەڵگەن لەسەرئەوەی کە هێزە ئەمنییەکانمان و هێزەکانی پۆلیس پێویستیان بە شارەزایی زیاتر هەیە تاکو بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن).



بتول فاروق

پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

**هەتا سەرۆک وەزیران لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکان کۆنەبێتەوە، هیچ بڕیارێک لەسەر مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نادرێت**

**مەترسییەکە زیاتر لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرکراوەکان هەیە، کە ئەگەری هەیە بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و جەنگی تایفەگەری و نەتەوەیی یان رەگەزی لەو ناوچانە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق**

سەبارەت بەو مەترسیانەی کە دۆستانمان ئاگادارمان دەکەنەوە بەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ کورد سوودی نابێت، پرسیارمان لەسەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان کرد بەوەی ئایا مانەوە یان کشانەوەی هێزەکان چ زیانێکی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەڕێزی پێ وتین: (سوپاس بۆ خودا رەوشی ئەمنی لە کوردستان سەقامگیرە، بۆیە لە کوردستان پێویست نییە، بەڵام بەو ئیعتوبارەی کە ئێمە لەچوارچێوەی عێراق-ین و

ئەو شتانەی کە لە عێراق-دا روودەدەن ئێمەیش دەگرێتــەوە، هەربۆیە مانەوەی هێزەکان پێویستە، بەڵام نەك بەشێوەیەکی هەمیشــەیی، بەڵکــو بــە ژمارەیەکی دیاریکراو و بــۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بۆ مەبەستی چەند ئەرکێکی دیاریکراو، ئەوکات پێموایە کە لەبەرژەوەندیی هەموو لایەنێك دەبێت، هەربۆیە دیسان دووبارەی دەکەمەوە عێراق لەڕووی بەرگرییەوە یەك پارچەیە و ئێمە ئەمڕۆ پێویســتیمان بە بەرگرییەکی بەهێز هەیــە، تەنانەت بۆ کوردستانیش، بۆئەوەی دووچاری هەڕەشە و پەلامــاردان نەبێت. خــۆی لەخۆیدا پێویســتە هەموو قەوارە سیاســییەکان بگەنە ڕێککەوتنێك کە بەلای هەمووانەوە پەســەندبێت، بــەڵام بەداخــەوە ئەمڕۆ موزایەدە لە مەسەلەکاندا دەستپێکردووە، بەشــێوەیەك کە زۆربەی مەسەلەکان لە گۆڕەپانی سیاســی دەخرێنەڕوو، بەڵام نەك لە ڕوانگەی پێویســتبوون یاخود لە ئەنجامی شــتێکی دیراسەتکراو، بەڵکو تەنیا لە گۆشەی موزایەدەوە)).

ئــەوەی ســەرۆکی فراکســیۆنی هاوپەیمانــی کوردســتان خســتیەڕوو، پێویســتی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی ســەقامگیرییە لە عێراقدا نەك مەترسیەك لەسەر کوردستان هەبێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ناسەقامگیری بەشــەکانی دیکەی عێراق بە تایبەتیش ناوچە دابڕاوەکان هەڕەشــەی ڕاستەوخۆ لەســەر هەرێمی کوردســتان دەبێت.


لیســتی دەوڵەتی یاســا کە لەهەموو لیســتەکانی تــر زیاتــر ڕەنگدانەوەی هەڵوێســتی حکومەتی عێراقە لەســەر ئەم پرســە، لەگەڵ ئەوەدایە ئەم پرســە وەك پرســێکی نیشتمانی سەیر بکرێت و بە دیالۆگی نیشــتمانی لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکان بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا بەتەنیا لیست نییە لەنێــو هاوبەندی نیشــتمانی عێراقی و لایەنێکی گرنگی تر کە ڕەوتی سەدرە و لە حکومەتەکەی نوری مالیکی ٨ پۆستی ویزاری بەرکەوتووەو لە پەرلەمانیشدا ٣٩ کورســی هەیە، هەڵوێســتێکی دیکەی هەیە، هەر بۆیە لەمبــارەوە پەرلەمانتار بتول فاروق لە لیســتی دەوڵەتی یاســا بەمجۆرە هەڵوێســتی لیســتەکەی بۆ گوڵان ڕوونکــردەوەو وتی: «ئیئتیلافی نیشتمانی» لەچەند قەوارەیەك پێکهاتووە، «ڕەوتی ســەدری» خاوەن بۆچوونێکی ئاشــکرایە و ڕەتیکردۆتــەوە، بەڵام ئێمە وەکو «دەوڵەتی یاســا»، بەڕێز سەرۆك وەزیران ئاشکرای کردووە کە ئەم مەسەلەیە بەتەنیا ناکەوێتە ئەستۆی لایەنێك، بەڵکو پێویســتە هەموو لایەنەکان لەئەســتۆی بگرن و پاشــان هــەر لایەنێك بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو و دوای ئەوەی ئەنجامی ڕاو بۆچوونی لایەنــەکان دەرچێت، ئەوە پێویســتە هەموو قەوارە سیاسییەکان بە ئە نجا مــە کا ن پابەندبن. ئەم مەسەلەیە هێشتا دیار نییە و نازانین چــی لێدەکەوێتەوە لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە ڕێککەوتنی هەموو قەوارە سیاسییەکان هەیە لەسەری و پاش دانیشــتنی بەڕێــز «مالیکی» لەگەڵ قــەوارە سیاســییەکان ئەوکات دەزانین بڕیارەکەیان چی دەبێت)).

سەبارەت بەو مەترسیانەشی کە بەڕێز د.مالیکی و لیســتی دەوڵەتی یاسا بۆ مانــەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەســتی پێدەکــەن، خاتوو بتول فاروق بە گوڵانی ڕاگەیاند: (مەترســی لەچەند شــوێنێك هەیە و هاوکات شــوێنی تریش هەیە کە تارادەیەك ســەقامگیر و ئارامە، بەڵام هەموومان دەزانین کە چەند شوێنێك هەیە ناکۆکی لەسەرکراون و مەترسییەکە زیاتر لەســەر ناوچە ناکۆکی لەســەرکراوەکان هەیە، کە ئەگەر هەیە بۆ ســەرهەڵدانی ناکۆکی و جەنگی تایفەگەری و نەتەوەیی یان ڕەگەزی لەو ناوچانە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لــە عێراق. لەهەمان کاتیشــدا هێزە ئەمنییەکان لەو ناوچانەدا بەپێی پێویســت نییە و لەتوانایاندا نییە ســەقامگیری و ئاسایشــی ناوچەکان بپارێزن، بەڵگەش لەسەر ئەمە دیاردەکانی کوشتن و ڕفاندن و پشێوییە لەو ناوچانە کە نیشانەی ناپیشەیی و ناشیاوی هێزە ئەمنییەکانە).



## ئەوەی ڕۆژگار هەرەسی پێهێناوە، عەتارباشی ناتوانێت چاکی بکاتەوە

# لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشی گەلی سووریا



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

شەپۆلێکی نارەزایی جەماوەری هەر لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداو، هەموو وڵاتانی عارەبی گرتۆتەوەو ڕووداوەکانی ئەم شەپۆلەش خەریکە هەموو جیهان دەتەنێتەوە، خەڵکی ناوچەکە بوونەتە دوو بەشەوە لە نێوان لایەنگریی کردن یان بەرهەڵستکاریی ڕەوابوونی داواکارییەکاندا لەسەر ئاستەکانی ڕاگەیاندن و سیاسەت و ئابووری و هەندێك جار سەربازیش، هەندێك خەڵکیش دوودڵن و چاوەڕێی یەکلابوونەوەی ڕووداوەکان و سەقامگیربوونی بارودۆخەکان دەکەن و خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە!

سووریا بێبەش نەبووە لە کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوانە؛ شەپۆلەکانی تووڕەیی شارو شارۆچکەکانی باشوورو باکووری ئەو وڵاتەی گرتەوەو جەماوەر دەرفەتیان دۆزیوەتەوە بۆ دەرچوون لەو بێدەنگییەی زەمەنێکە تێیکەوتوون، ئەم شۆڕشە لەدایکبوونێکی نوێ بوو بۆ مێژووی سوریا، جەماوەر بازیان دا بەسەر هەموو هۆکارەکانی جیاوازیبوون لە نەتەوەو ئایین و هۆزگەریتی دا، لە پێناوی ئەوەی بگەن بە سیستەمێکی دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی، هیچ عەیبی تێدا نییە کە سووریا وڵاتێکی فرە نەتەوە فرە ئایینی بێت، چونکە موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی تێدا دەژین هەروەها لەپاڵ عەرەبدا کوردو تورکمان و ئەرمەنیش هەن، بەڵام عەیبە لەوەدایە کە ڕژێمی حوکمدار سیاسەتێکی ڕەگەزپەرست لەسەر خاکی سووریا بۆ حسابی لایەن و تایەفەیەکی دیاریکراو تەرجومە بکاتەوە؛ یا نەتەوەیەك لەسەرمافی نەتەوەکانی تر سەربخات. ئەم هۆکارە بوو پاڵی نا بەکوردەکانی ئەو وڵاتەوە کیان وبوونی خۆیان رابگەیەنن و گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەیی بزرکراویان بکەنەوە . کاروانی گەلی کورد لەسوریا بەکۆمەڵێك شەهیدەوە گەشایەوە، کە لەگۆڕەپانەکانی قامیشلی و حەلەب حەسەکە شەهید بوون، هەروەها چەند کوردێکی تر لە دیمەشق و دێرزوور گەیشتونەتە کاروانی نەمران، لەکاتێکدا داوای مافە رەواکانی نەتەوە بوونی خۆیان دەکرد، هەروەها ڕەفزی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و پاکتاوکردنی نەتەوەییان دەکردەوە، کێشەی نەتەوەی کورد لە سوریا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ١٢-١٥٪ی کۆی دانیشتووانی ئەو وڵاتەن و بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆڵ و مافێکیان پێ درابێت، یا لە ڕووی دیموگرافییەوە هیچ خزمەتێك کرابن، لەکاتێکدا لە دێر زەمانەوە لەسەر ئەم خاکە ژیان دەبەنە سەرو بەشدارییان لەگەڵ توێژەکانی تری گەلی سوریا کردووە چ لە خۆشی و یان ناخۆشیدا بەشدار بوون، هەروەها بەرگرییان لە خاك و سەروەری وڵات و سەربەخۆیی بوونیدا دژ بە داگیرکارانی پێشوو کردووە، کەچی لە ئاکامدا سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی دژیان بەکارهێنرا، ئەوەش لە ئەنجامەکانی ئاماری ساڵی ١٩٦٢ ڕەنگی دایەوە، کاتێك گەلی کوردیان کردە سێ گرووپ( یەکەم: گرووپی ئەو کوردانەی خرانە قاڵبی هاووڵاتییانی عەرەبی سورییاییەوە، ئەوانەش بەپێی کەلتوورو مێژوویان بەعەرەب کراون. دووەم : گرووپی بێگانەکان بەو کوردانە دەڵێن کە لەدەرەوەی وڵات دەگەڕێنەوە . سێیەم : گرووپی بێدەنگکراوو شاردراوەکان کە لەهیچ شوێنێکدا ناویان نایەت و مافی ڕەگەزایەتی و ناسنامەی نیشتمانێتییان پێ نادرێت .

بەمشێوەیە خەڵکانێکی زۆریان لە نەوەکانی گەلی سوریا لە مافی هاوڵاتیبوون دابڕاندووە، هەروەها ناسنامەی نەتەوەییان سڕیونەتەوە، ئەمەش بە بۆچوونی محەمەد تەڵەب هیلال کە یەکێکە لە جەمسەرەکانی حزبی فەرمانڕەوا لە سوریاو هەروەها خاوەنی پرۆژەی پشتێنەی عەرەبییە کە ناوبانگێکی خراپی هەیە بەکوردان دەڵێت: کورد نەتەوەیەکی بێ مێژوو بێ ناسنامەو بێ شارستانییەتن.

سیاسەتی بەعەرەبکردن کە تا ئێستاش لە سووریا بەردەوامن بەئامانجی نەهێشتنی بوونی کورد و توانەوەیانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای عەرەبی دا ئەم سیاسەتە تەنیا دواکەوتن و وێرانەیی بۆ سوریا دێنێت. بێگومان دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی بەدرێژایی سنووری باکوری سوریا لوتکەی ڕەگەزپەرستێتی دژ بە بەشێکی گەلی سوریا نیشان دەدات کە بەهۆیەوە دەیان گوندو شارۆچگەی کوردستان خراونەتە کۆمەڵگای زۆرە ملێ و بەدرێژایی سنوورەکانی سوریاو تورکیاوە دوورخراونەتەوەو لەشوێنی ئەوانیش هۆزە عەرەبییەکانیان نیشتەجێکردووە ئەمەش بەبیانووی پاراستنی سنووری وڵاتەوە، هەروەها داپۆشینی دەیان لادێ بە ئاوی ڕووباری فورات بەبیانووی بەرفراوانکردنی پرۆژەی ئاودێرییەوە. کە ئەم سیاسەتەش وایکردووە بەعەرەبکردن لە بەرژەوەندی دانیشتووانی عەرەبدا بشکێتەوە لەسەر حسابی مافەکانی دانیشتووانی کوردی ناوچەکە .

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سوریا کۆمەڵێك ڕێگامان نیشان دەدات، یا دەبێت ڕژێمی سوریا چاوبخشێنێتەوە بە هەڵوێستە ڕەگەزپەرستییەکەی جارانیدا و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و فرەیی سیاسی قبووڵ بکات؛ یا ئەوەتا چارەنووسێکی تاریك چاوەڕێی دەست و پێوەندی ئەو ڕژێمە دەکات، کە کەمتر نابێت لەو حاڵەی ڕژێمە فەرمانڕەوا شمولییەکانی ناوچەکە بەسەریاندا هات، بەمشێوەیە کێشەی کورد لە سوریا ئێستا کەوتۆتە پێشەوەی ئەو ئەجندانەی کە گۆڕانکارییان لە داهاتوودا بەسەر دێت، بەروانینێکی واقیعی نوێ هەمووان وای دەبینن ئیرادەی گەلی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووسدایە بۆیە پێویستە چارەسەری لۆژیکی و یاسایی بەپێی بوونی نەتەوەیی و قورسایی دانیشتووانەکەی و هەروەها بە پێی ئەو قوربانییانەی بە درێژایی مێژوو پێشکەشیان کردووە لە پێناوی سەلماندنی بوونی نەتەوەیی خۆیاندا بکرێت ..

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە کە ڕەتکردنەوەی جەماوەریی دژ بە ڕژێمی ئێستا لێ کەوتۆتەوە بە درێژایی پانتایی جیۆگرافیانەی وڵاتەکەوە زەنگی گۆڕینێکی نوێی لێداوە کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت و پلانی پێشوەختەی بۆ دابنرێت تا لەگەڵ مەترسییەکانی قۆناغی داهاتوو بگونجێت هەروەها چاوخشاندنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواش بە هەڵوێست و کردەوە هەڵەکانی پێشوویی چاککردنەوەیان لەوانەش قبوڵکردنی پێدانی ڕەگەزنامە بۆ گەلی کورد لە سووریا و ئازادکردنی گیراوەکان و بانگهێشتکردنیان بۆ دیالۆگ و دانوستاندن، کۆمەڵێك گۆڕانکاری سەرەتاییە بۆ داهاتوو نەك لەسەر ئاستی کێشەی گەلی کورد بە تەنیا بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو گەلی سووریا بەگشتی و بە پێی ئەو پەندە بەناوبانگەی کە دەڵێت :

((ئەوەی ڕۆژگار هەرەسی پێهێناوە، عەتارباشی ناتوانێت چاکی بکاتەوە))

هەڵکەوتەی جوگرافیایی دەربەندیخان وایکردووە شوێنێکی ستراتیژی بۆ خۆی لەناوچەکەدا هەبێت،دەتوانرێت بەپێی سروشتەکەی و بەحوکمی بەرینی دەریاچەکەی و بەرزایی چیاکانی زمناکۆ و بەمۆو سەوزایی ڕەز و باخ و بێستانەکانی شارێکی گەشتوگوزاریی لێدروست بکرێت، بەڵام لەبەر یەك سایتی ڕێگا سەرەکییەکەی و نەبوونی پرۆژەی گەشتوگوزاری تا ئێستا نەتوانراوە ئەم لایەنە باشەی دەربەندیخان بۆ دانیشتووانەکەی بە پیت و فەڕ بگەڕێتەوە.

دەربەندیخان زۆربەی دانیشتووانەکەی بەکاری بازرگانی و کشتوکاڵییەوە خەریکن و ژمارەیەکی تریشیان لە کارگەکانی چەو و لم و گەچ سەرقاڵی کاروکاسبین، کاتێك لەساڵانی پەنجایەکاندا دەست کراوە بەدروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان و دواتر لەساڵی ١٩٦١ پرۆژەی بەنداوەکە کراوەتەوە، ئەم پرۆژە ستراتیژییە ئەوکات و لە ئایندەشدا بۆ بووژانەوەی ناوچەکە زۆر سوودی هەیە. تەنانەت یەکێك لەهۆکارەکانی زیادبوونی دانیشتووانی سنووری دەربەندیخان بۆ ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە. ئەمڕۆ دەربەندیخان کەناحیەی باوەخۆشێن و ٥٩ گوندیش لەخۆ دەگرێت نزیکەی(٤٠) هەزار کەس نیشتەجێی قەزاکەن.


لە دوای راپەڕینیشەوە قەزای دەربەندیخان گەورەبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هەربۆیە سەرەڕای ئەو کارە خزمەتگوزارییانەی لەم دەڤەرەدا ئەنجامدراوە و زۆرجار بەسیمای قەزاکەدا دەبینرێت، بەڵام هێشتا پێویستی بە کاروپرۆژە و ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە،هەر بۆیە هاووڵاتیانی دەربەندیخان داوای پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتریان دەکەن، کاتێك وەك تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی دەربەندیخانمان کرد و لەنزیکەوە راوبۆچوونی چەند هاووڵاتییەکمان وەرگرت، یەکێك لەم هاووڵاتیانە گلەیی لە ئاوی خواردنەوە هەبوو، کە مەترسی ئەوەی هەیە لە هاویندا رووبەڕووی کەمئاوی ببنەوە، تەنانەت ئاوەکەشیان پیسبووەو بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دێت و ترس و دڵەڕاوکێی لە ناو خەڵکەکە دروستکردووە لەوەی نەوەکو ئاوەکە ببێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەو تووشبوون بەنەخۆشی، هەروەها هاووڵاتیانی گەڕەکی سیروان و هەوارە بەرزە و.. تاد، گلەییەکی زۆریان لەسەر خراپی و بێسەروبەری شەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکانیان هەبوو، هاووڵاتییەکی تر ئاماژەی بەدیاردەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لە ناو سەنتەری قەزاکە کرد، ئەم دیاردەیەش کاتێك سەردانی قەزاکە دەکەیت بەئاشکرا دێتە بەرچاوت، هاوکات چەند هاووڵاتیکی تر رەخنەیان لە نزیکی و تەپوتۆزی کارگەکانی گەچ هەبوو لەسەر شارەکەیان، ئەم گلەیی و گازاندانە و چەند پرسیارێکی ترمان ئاڕاستەی (سەردار فەقێ محەمەد) قایمقامی قەزای دەربەندیخان کرد، کە بەڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوەو راوبۆچوونی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە خستەڕوو.



# دەربەندیخان.. لە ڕووی گەشتوگ









# ـــــوزاری و ماستەرپلانەوە فەرامۆشکراوە



سەردار فەقێ محەمەد قایمقامی قەزای دەربەندیخان بۆ (گـوڵان):

# یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی دەربەندیخان کێشەی ئاوە

**دەربەندیخان ماستەرپلانی بۆ نەکراوە، پشت بە نەخشەی بنەڕەتی دەبەستین**

لـــە کاتی گەورەبـــوون و بەرفراوانکردنی هەر شاروشارۆچکەیەك پێویستیت بە نەخشە ڕێگایەك دەبێت بۆ ئەوەی شـــار و گەڕەکەکان شـــێوەیەکی ئەندازەیی بێ کێشـــە و گرفت وەربگرن و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بتوانێت بەپێی پێویستی خۆی ئەنجـــام بدرێت و ســـەرکەوتووبێت، ئەو نەخشـــە ڕێگایەش ماســـتەرپلانە، سەردار فەقێ محەمەد قایمقامی قەزای دەربەندیخان پێی وایە: گەرچی تا ئێســـتا دەربەندیخان ماستەرپلانی بۆ نەکراوە، بەڵام بۆ فراوانبوونی شـــارەکە پشت بە نەخشەی بنەڕەتی دەبەســـتن، هەوڵیـــش دراوە بۆ قەزاکە ماســـتەرپلانێك بکرێـــت لە ڕێـــگای پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە، چونکـــە ئەم لایەنە زۆر گرنگ و پێویســـتە بۆ ئـــەوەی بزانن شـــارەکە بە کامەئاڕاســـتە گەورە دەکرێت و کاروپـــرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تێدا ئەنجام بدرێت .

**زێدەڕۆیی لەدەربەندیخان حاڵەتە نەك دیاردە**

ســـەبارەت بەوەی کە زێدەڕۆیـــی لە هەموو شارۆچکەکان بەرچاو دەکەوێت، هەندێ شوێن لە هەندێکی تر ئەو دیاردەیەی تێدا زیاترە، بە وتەی قایمقامی دەربەندیخان قەزاکە لەم دیاردەیە بەدەر نییە، بەڵام توانراوە بەپێی یاســـا هەڵســـوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و ئاســـتێکی بۆ دانراوەو بەوتەی بەڕێزیان چیتر ڕێگا نـــەدراوە بەزێدەڕۆیی، هەر بۆیە ئەم حاڵەتە لەشارەکەدا دیاردە نییە..

**بۆ چارەسەرکردنی ئاوی خواردنەوە بەبڕی زیاتر لە دوو ملیۆن و نۆ سەد هەزار دۆلار پرۆژەیەکی ستراتیژی ئیحالەکراوە**

یەکێك لەو کێشـــە و گرفتانەی کە لە قەزای دەربەندیخان هەیە کێشەی ئاوە، پرۆژەیەکی ئاو لە قەزاکە هەبوو دواکەوتووە، ئایا هۆکارەکەی چییە و هەوڵدراوە ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت؟ لەمبارەوە قایمقامی دەربەندیخان وتی: ڕاستە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی دەربەندیخان کێشەی ئاوە، هەم لە ڕووی جۆرەکەیـــەوە هەم لە ڕووی بڕی ئاوەکەوە، بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــەیەش لە ڕێگای پارێزگای ســـلێمانییەوە پرۆژەیەکی ســـتراتیژی ئاوی خواردنەوە ئیحالەکراوە، پرۆژەکە بریتییە لە دوو پاڵاوتگەی ئاو کە بڕی زیاتر لە دوو ملیۆن و نۆ سەد هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، پرۆژەکە بە کۆمپانیای (ویکەی فلتەر) دراوە، ئەو پرۆژەیە چەند کۆگایەکی گلدانەوەی ئاوی لەگەڵە، ئێمە کە ســـەیرمان کرد هەندێك لـــە کۆگاکان ژەنگی هەڵهێنابـــوو دیاربوو هی دەســـتی دوو بوو بۆیە ئەوانەمان ڕەفزکردەوە ئەو کەلوپەلانە ڕەوانکرایەوە و ئێســـتا خەریکن هی تازە بەپێی مواسەفات و ستانداردی جیهانی بێنن، دەتوانم بڵێم هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی پرۆژەکەیە، چونکە لەپێنـــاوی بەرژەوەنـــدی گشـــتی قەزاکەدا ئەو کەرەستە و بەشـــانەی لە پرۆژەکەدا بەکاردەبرێت بـــاش نەبێت و لەڕووی کوالیتییەوە لەئاســـتێکی بەرزدا نەبێت پرۆژەکە قبوڵ ناکەین.

هاوکات کێشەیەك لە بەنداوی دەربەندیخان هەیە کە ســـاڵانە لە وەرزی پاییزدا ئاوەکە کەم دەکات

و بۆنێکی لێ دروست دەبێت، ئەوە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی بەنداوی دەربەندیخان ئەو حاڵەتە هەیە، خەڵکی هەقی خۆیەتی دڵنیا بێت لە باشی و تەندروستی ئاوەکەی، لەبەر ئەوەی بەردەوام بە کاری دەهێنن و دەیخۆنەوە، لەمبارەوە راستەوخۆ پارێزگار و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانیمان ئاگادار کردەوە، ئەوانیش

**خەڵکی هەقی خۆیەتی دڵنیا بێت لە باشی و تەندروستی ئاوەکەی، لەبەر ئەوەی بەردەوام بە کاری دەهێنن و دەیخۆنەوە**

لیژنەیەکیان ناردو چەند سمپلێکیان لە ئاوەکە لەو شوێنانە کە ئاوی لێ هەڵدەهێنجرێت و دەچێت بۆ هاوولاتیان وەرگرت. ئەو سیمپلانە رەوانەی تاقیگەکانی ناوەندی سلێمانی و زانکۆی سلێمانی و ئاوی دوکان لە سلێمانی کرا و سیمپلیان بۆ ولاتانی ئەڵمانیاش رەوانەکرد، لە پاش تاقیکردنەوە لەسەر سیمپلەکان لە هەموو تاقیگەکان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ئاوەکە بێ گرفتە و دەست دەدات بۆ خواردنەوە، قسەو پروپاگەندە شتێکە و پشکنینی تاقیگەیی و زانستی شتێکی ترە، ئەمەش یەکێك بوو لە گرفتەکانی ئاوی خواردنەوەی قەزاکەمان کە چارەسەر کراوە.

### تۆڕی رێگاوبانی گوندەکانی سنووری دەربەندیخان قیرتاو و نەکراوە، تەنیا تێکەڵەرێژکراوە

ئەو رێگای سەرەکییەی کە بۆ دەربەندیخان دێت یەك ساید و بۆ رووداوی هاتوچۆ مەترسیدارە، لەپلان و بەرنامەدایە بکرێتە دوو سایدی و تۆڕی رێگاوبانی گوندەکان لە چ ئاستێکدایە، ئایا ناو سەنتەری شارۆچکەکە و کۆڵانی گەڕەکەکان قیرتاو و کۆنکرێت کراوە؟ قایمقامی دەربەندیخان لە وەلامی ئەم پرسیارانە وتی: لە سلێمانی تا قەرەگوڵ پرۆژەی دوو سایدو قیرتاو کراوە، لە قەرەگوڵەوە تا هەڵەبجەی تازەش ئێستاکە کار لەسەر پرۆژەکە دەکەن، بۆ بەشەکەی تریش لەبەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی سلێمانی کاری ئیحالە و دیزاینی بۆ کردووە، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکارکردن دەکەن و تا دەگاتە دەربەندیخان دەبێتە جووت ساید و ئەو پرۆژەیە تونێلێکیشی لەگەڵدایە، ناو سەنتەری شارۆچکەکەشی لە ماوەی سالانی رابردوو زۆربەی کۆڵان و شەقامی گەڕەکەکانی بە بەرنامە و پلان کۆنکرێت و قیرتاو کراون، هەر گەڕەك و کۆڵانێك کۆنکرێت یان قیرتاو کرابێت پێشەکی پرۆژەی ئاوەڕۆی لێ ئەنجامدراوە، بەلام هەندێ گەڕەکی وەکو سیروان و هەوارە بەرزە کۆڵان و شەقامەکانیان قیرتاو و کۆنکرێت نەکراوە،هەروەها تۆڕی رێگاوبانی گوندەکانیش قیرتاو نەکراوە، بەڵکو تەنیا تێکەڵەرێژکراون.

### لایەنگری ئەوەم پاککردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاکی قەزاکە بە کۆمپانیا و کەرتی تایبەت بدرێت

سەبارەت بە کۆکردنەوە و خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاك لە زۆربەی شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کێشەیەکی بەرچاوە، بەتایبەتی لە بارەی ئەوەی سیستەمەکە کۆنە و نەتوانراوە کارگەی ریسایکلین دابمەزرێنرێن، قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: من لایەنگری ئەوەم پاککردنەوەی شارۆچکەکە بدرێتە کۆمپانیا و کەرتی تایبەت، لە زۆربەی دانیشتنە فەرمییەکاندا باسی ئەوەم کردووە، کە بۆ سەرکەوتن و پاك راگرتنی ناو شارۆچکە پێویستە ئەو کارە بدرێت بە کۆمپانیای تایبەتمەند و خاوەن ئەزموون، چونکە کارەکان باشتر ئەنجام دەدرێت لەوەی کەرتی گشتی کاری لەسەر بکات، هەرچەندە تا ئێستاکەش شارەوانی کاری باشی کردووە و ناو شارەکەی بەبەردەوامی رۆژانە زۆر باش و جوان پاك دەکاتەوە، بەلام شوێنی فڕێدانی زبڵوخاشاکەکە باش نییە و نزیکە لە شارەکەوەو لەکاتی سووتاندنی زبڵوخاشاکەکەدا دوکەڵەکەی دێتەوە سەر قەزاکە، بەلام ئەگەر کۆمپانیایەك بەم کارە هەستێت دەتوانێ کارگەیەکی ریسایکلینیش دابنێت و سوود لە زبڵوخاشاکەکە وەربگرێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ کەرەستە سەرەتاییەکان.

### کەمی رووبەری زەوی وایکردووە دیاردەی بەخێوکردنی مەڕوماڵات لەناو شارەکە بمێنێت

سەبارەت بە دیاردەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات لەناو سەنتەری قەزاکەدا قایمقامی دەربەندیخان وتی: لەدەربەندیخان کێشەیەکی سەرەکیمان هەیە،ئەویش نەبوونی رووبەرو زەوی فراوانە، چونکە قەزاکە لە سێ لاوە بە شاخ و چیا دەورە دراوە، تەنیا یەك لامان هەیە ئەویش بەرەو قەرەداخ دەڕوات، لەم شوێنەش زۆربەی ئەو زەوییانەی هەیە تاپۆی خەڵك یان گرێبەستە، ئەوەش وایکردووە کە جێگەیەکی دیاریکراو نەبێت بۆ مەڕوماڵات بەخێوکردن، هەر چەندە لێرە و لەوێ جێگامان دروستکردووە بۆ ئەو کەسانەی مەڕوماڵات بەخێودەکەن، بەلام کەس پابەندی ئەوە نییە لەم شوێنە دیاریکراوانە مەڕوماڵاتەکەی بەخێو بکات، واتە ئێمە لەدەربەندیخان گرفتی نەبوونی رووبەری زەویمان هەیە، هەربۆیە دوو کۆمپانیا هاتووە کە خانووی نیشتەجێبوون دروست بکات، بەلام لەبەرنەبوونی رووبەری زەوی کارەکە راوەستاوە.

### سیاسەت و بەرنامەی وەبەرهێنان پێویستی بە چاوخشاندنەوەیەکی جدی هەیە

سەبارەت بە هۆکاری نەبوونی پرۆژەی گەشتوگوزاری لە دەربەندیخان سەردار فەقێ محەمەد وتی: وەبەرهێنەر زۆر بە کەمی روو دەکەنە ئەو سنوورەو زیاتر روودەکەنە قەزای دوکان، خەڵکی ناوچەکەش ئەوەی ئیمکانیاتی باشە کەمتر روودەکەنە وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزار،سەرەڕای ئەمانەش لەبەشی خوارەوەی شارۆچکەکە کەمپێکی گەشتیاری دروستکراوە پارکێکیش لەسەر گردێك لەلایەن وەبەرهێنەرێك دروستکراوە، ئەو کارانەی لە بواری گەشتیاری لە دەڤەرەکە کراوە زۆر کەمترە لەوەی کە لە شوێنە گەشتیارییەکانی تر هەیە، یەکێك لە گرفتەکانی تر کە هەیە وەبەرهێنەر زیاتر روو لە شارە گەورەکان دەکات لەوەی لە شارۆچکەیەکی دوور، ئەم سیاسەتەی وەبەرهێنان پێویستی بەچاو خشاندنەوەیەکی جدی هەیە.

### بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرباڵغی قوتابخانەکان سێ بینایەی(١٨) پۆلی دروست دەکرێت

سەبارەت بە کەرتی پەروەردە کە کێشەیی زۆری قوتابی و دوو دەوام و سێ دەوامی لە قوتابخانەکانی قەزای دەربەندیخان هەیە، قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: لەلایەك زۆری قوتابی جێگای نیگەرانییە کە ژمارەیەکی زۆر لەیەك پۆل دەخوێنن، لەلایەکی ترجێگای دڵخۆشییە کە خەڵکێکی زۆر روویان لە خوێندن کردووە، ئەمەش بەڵگەیەکە بارودۆخی ئابووری خەڵك باشتر بووە لە جاران، هۆی دوو دەوامی و سێ دەوامی و زۆری قوتابییان دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بینایەی قوتابخانە، لەمبارەیەوە لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی و وەزارەتی پەروەردە هەوڵمانداوە چەند بینایەکی قوتابخانەمان بۆ دروست بکرێت، هەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئێستاکە سێ بینایەی(١٨) پۆلی لە سەنتەری قەزا دروست دەکرێت، بەلام هێشتا لە مبارەیەوە گرفتمان دەمێنێت، لەبەر ئەوەی رێژەی قوتابیان ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر دەبێت، هاوکات کێشە و گرفتمان لە پسپۆرایەتی مامۆستایان هەیە، چونکە بەپێی پێویست مامۆستای پسپۆڕمان نییە.

### نەخۆشخانەی قەرویڵەیمان هەیە، نەشتەرگەریشی تێدا ئەنجام دەدرێت

سەبارەت بە بواری تەندروستی کەلە چ ئاستێکدایەو کێشەو گرفت لەم بوارە هەست پێ دەکرێت و چۆن چارەسەر دەکرێت قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: نەخۆشخانەمان هەیە کە نەخۆشی تێدا دەخەوێت و نەشتەرگەریشی

تێدا ئەنجام دەدرێت، لە بواری پزیشکی پسپۆڕ و ئافرەتان و منداڵبوون لەدەربەندیخان کێشەو گرفتمان هەیە، بەڵام لە زۆربەی شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان باشترین، لە هەندێ لە گوندەکان بنکەی تەندروستی هەیە، بەڵام بەپێی

## دوو کۆمپانیا هاتووە کە خانووی نیشتەجێبوون دروست بکات، بەڵام لەبەرنەبوونی رووبەری زەوی کارەکە راوەستاوە

سیستەمی وەزارەتی تەندروستی تا ڕادەیەك سیستەمێکی کۆنە و سەرکەوتوو نییە، چونکە لە بری پزیشکی یاریدەدەر لەم بنکانە کار دەکەن، بۆ فریاگوزاری سەرەتایی و پێداویستی گوندەکان کاری باش دەکەن.

**وەزارەتی کشتوکاڵ لە دەربەندیخان پرۆژەی باشی ئەنجامداوە، لەمانە پرۆژەی بەنداوی دێوانەیە**

سەبارەت بەوەی وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ تا چ رادەیەك کاروپرۆژەیان لەم قەزایە ئەنجامداوە، قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: وەزارەتی پیشەسازی زۆر کەمتر لە وەزارەتی کشتوکاڵ کاری کردووە، وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی زۆرباشیان ئەنجامداوە یان لە ژێر جێبەجێکردنە لەمانە پرۆژەی بەنداوی دیوانەیە کە بەرزی (٤٢)مەترە توانای گلدانەوەی (٢١) ملیۆن سێ جا ئاوی هەیە کە بڕی پانزە ملیار و نۆ سەدە و هەشتا و چوار ملیۆن و حەوت سەد و هەشتاو پێنج هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە ئێستاکە لە ژێر ئەنجامدانە لەماوەی کەمتر لە سێ ساڵی تەواو دەبێت، لەلایەکی تر لە کاتێك کە ئاوی بەنداوی دەربەندیخان زیاد لە ئاستی خۆی سەرف بکرێت ئەوە لاچوونێك لە دەربەندەکە دروست دەبێت، ئەمەش کاتێك دەبێ کە ئاوەکە زۆر بڕوات و بە بەردەوام کارەبا بەرهەم بێنێت.

**سەلەی کارەبا بۆ قەزای دەربەندیخان کڕاوە، بەڵام وەرمان نەگرت و داوامانکردووە بۆمان بگۆڕن**

وەکو دەزانین بەشێك لەبەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان لە بەنداوی دەربەندیخانە ئایا کێشە و گرفتی کارەبا لەم سنوورە هەیە و چییە و سەلەی کارەبا لە قەزاکە هەیە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: ئێستا کێشەی کارەبا وەکو هەموو کوردستان زۆر کەمەو رۆژانە ماوەیەکی زۆر کارەبا هەیە، لە کاتی خۆی ئۆتۆمبێلی سەلەی کارەبا لە دەربەندیخان نەبوو، لەپاش داواکردن و هەوڵدان ئۆتۆمبێلێکی سەلەی کارەبامان بۆ کڕاوە، بەڵام ئەمەش بەپێی مواسەفات نەبوو، بۆیە وەرمان نەگرت و داوامانکردووە بۆمان بگۆڕن، چونکە ئەمە زۆر پێویستە بەتایبەتی بۆ چاککردنەوەی رووناك کەرەوەی ناو سەنتەری شار.

**هۆکاری دواکەوتنی دامەزراندن دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی پەسندکردنی بودجە**

سەبارەت بە دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان و بێکارانی قەزای دەربەندیخان قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: بۆ ئەمساڵ وەکو هەموو لایەك ئاگادارن کە(٢٥) هەزار پلە لەسەر ئاستی هەرێم دانراوە دابمەزرێن، بەڵام بەداخەوە ئەمەش تا ئێستاکە دواکەوتووە بەهۆی دواکەوتنی پەسندکردنی بودجەیە، ئەم دامەزراندنەش لیژنەیەکی بۆ دانراوە و رەچاوی ژمارەی دانیشتووانیش کراوە، لەپاشان فۆرمێك هەیە دابەش دەکرێت، دامەزراندنەکەش بەپێی بڕوانامە و پلە کێبڕکێی تێدایە، هۆکاری دواکەوتنی دامەزراندن دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی پەسندکردنی بودجە، دواکەوتنی پەسندکردنی بودجە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەموو کار و پرۆژە و بەرنامە وپلانەکان هەیە، چونکە لە ٢٠١١ چەندین پرۆژە لە بەرنامەیە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پەسندکردنی بودجە پرۆژەکان


## هۆکاری دوو دەوامی و سێ دەوامی و زۆری قوتابیان دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بینایەی قوتابخانە

دواکەوتووە.

**دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی سوودی زۆر کەمە**

سەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی:

دابەزاندنی دەسەڵاتە ئیدارییەکە تا ڕادەیەك ئێستا کاری پێ دەکەین و رۆڵی خۆی لەبەرەو پێشەوە بردنی کارەکانمان دیتووە، بەڵام دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی سوودی زۆر کەمە، هەروەها



نەبوونی یەکەیەکی ژمێریاری تا ئێستاکە یەکێکە لەو گرفتانەی کە کاریگەری لەسەر هەموو ئیش و کارەکان هەیە، بەدامەزراندنی یەکەی ژمێریاری دەسـەڵاتە ئیدارییەکان زیاتـر گرِوتین بە بەرەو پێشـەوەبردنی کارو پرۆژەکان دەدەن، بەڵام ئەوەی ویستومانە لە رێگای پارێزگاوە بۆمان جێبەجێ کراوە.

**بە شێك لە کێلگە مینەکانی سنووری دەربەندیخان پاککراوەتەوە و بەشێکی زۆریش ماوە**

سـنووری قەزای دەبەرندیخـان بە حوکمی ئەوەی هاو سـنوورە لەگـەڵ ئێران و لە ماوەی هەشـت سـاڵی شـەرِی نێوان عێراق - ئێران ژمارەیەکـی زۆر مینی تێدا چاندراوە، لە دوای ساڵی (١٩٩١) ەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نا حکومی و (NGO)ی نێودەوڵەتی دەسـتکرا بە پاککردنەوەی زەوی بەمیـن چێنـراوەکان یەکێك لەم سـنوورانەش قـەزای دەربەندیخانە،لەمبـارەوە قایمقامـی قـەزای دەربەندیخان وتـی: ئێمەش بە حوکمی ئەوەی هاوسـنوورین لەگەڵ ئێران و سنوورمان لەگەڵ قەراخ بووە کە سـنورێکی ئازادکراوبوو لە ژێر دەسـەڵاتی پێشمەرگە بوو، بۆیە رژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆری لە سـنوورەکە تەنیووە بـە مین، بەڵام لە دوای ئازادی کوردسـتان و دروسـتبوونی حکومەتی هەرێم تا ئێستاکە بە بەردەوامـی کار لە سـەر هەڵگرتنـەوەی مین دەکرێت و تا ئێسـتا بە شـێك لـە کێلگەکانی میـن پاککراوەتەوە و بەشـێکی زۆریش ماوە، کاری مین هەڵگرتنەوە سروشـتەکەی وایە زۆر لەسەرخۆیە و ژمارەی کێڵگەکانیش زۆرە، بۆیە چەندین ساڵی تری پێویسـتە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لەمین، ئەو کێڵگە مینانەش رێگربوون لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی سـنوورەکە بەتایبەتی گوندەکان و ماوە ماوەش لە ئەنجامی ئەم مینانە قوربانی و رِووداوی جەرگبرِ رِوودەدات.

**ئەشکەوتێك بەناوی کونەبا لەدەربەندیخان هەیە کە هیچی کەمتر نییە لە ئەشکەوتی جعێتەی لوبنان**

سەبارەت بەشـوێنەوار لەناوچەی دەربەندیخان و چۆنیەتی پاراسـتن و کار و پرۆژە قایمقامی قـەزای دەربەندیخان وتی: لەبەشـی خوارەوەی قـەزای دەربەندیخـان شـوێنەوارێکی لێیە کە ئاتاشگەی زەردەشـتییەکانە، هەروەها لە نزیکی ئەو دیوی چەمی دێوانەوە ئەشکەوتێکی جوانی سـەرنج رِاکێشـی بەناوی ئەشـکەوتی کونەبا هەیـە کە هیچـی کەمتر نییە لە ئەشـکەوتی جعێتەی لوبنـان، ئێمە دامان نابـوو رِێگایەك بۆ ئەو ئەشـکەوتە رِابکێشـین و رەزامەندیشی

**پرۆژەی بەنداوی دێوانە کە بەرزی (٤٣)مەترە تواناى گلدانەوەی (٣١) ملیۆن سێ جا ئاوی هەیە لەماوەی کەمتر لە سێ ساڵی تەواو دەبێت**

لەسەردەرچوو، بەڵام بەحوکمی ئەوەی ئەو بەنداوە دروسـت دەکرێت لە پاش تەواوبوونی بەنداوەکە وا دەکەین رێگا سەرەکییەکە لەسەر بەنداوەکە یەکسەر بچێت بۆ ئەشکەوتە.

**یاریگایەکی تۆپی پێ بۆ وەرزشوانانی دەربەندیخان زۆرپێویستە**

سەبارەت بە بواری رۆشنبیری و ولاوان قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: هۆڵی بۆنە و رۆشنبیری و هۆڵێکـی داخراوی هاوچەرخی وەرزشـی لە دەربەندیخـان هەیە، بەڵام لەچەنـد لایەنێکیش کەموکـورِی هەیە، هەر وەکو یاریگایەکی تۆپی پێ کەزۆر پێویستە بۆ وەرزشوانەکان و برەودان بە یارەی تۆپی پێ لە سـنووری قەزاکەدا. سـاڵی رابردوو فیستیڤاڵێکی شانۆی سەر شەقام سازکرا کە سـەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، ئەمساڵ بەرِێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی بە ئومێدە ئەو فیستیڤاڵە ساز بکات کە چەندین وڵاتی ئەورووپی و دەوروبەر تێیدا بەشداردەبن.

**پێویستە کار و پرۆژەی زیاتر لە سنووری دەربەندیخان ئەنجام بدرێت**

سـەبارەت بەوەی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم سەردانی سـنوورەکەیان کردووە بۆ بەدواداچوونی پـرۆژە و کامەیـان زیاتـر داواکارییەکانی ئەو سـنوورەی وەرگرتووە و جێبەجێکردووە قایمقامی قەزای دەربەندیخان وتی: سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیـران و وەزیری رۆشـنبیری و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و خوێندنی باڵا سەردانیان کردوین، لـە هاتنی ئـەم لایەنانە ئەگـەر کارو پرۆژەش ئەنجام نـەدەن، خۆی لەخۆیـدا بەراوبۆچوونی من هـەر هاتنیـان و بەسـەرکردنەوەی ناوچەو ئیدارەکـە کاری زۆر باشـە، هەر بـۆ نموونەش بەهاتنی سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران برِیاریدا کە ناوچەی پیشەسـازی بۆ قەزای دەربەندیخان دروسـت بکرێت و چەندین گەرِەکیش شـەقام و کۆڵانەکانی قیرتاوبکرێت.

لـە کۆتاییدا قایمقامی قـەزای دەربەندیخان وتی: رِاسـتە دەڵێین کاروپـرۆژە بۆ دەربەندیخان کراوە بەڵام کەموکورِیش هەیە، بۆیە پێویسـتەو داواکارم لە وەزارەت و لایەنە پێوەندارەکان هەوڵبدەن زیاتر کاروپرۆژە لە سـنوور و سـەنتەری قەزای دەربەندیخان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە خەڵکەکە و شارەکە بکرێت.

